Mamosta Journal for Pedagogical Sciences and Teacher Education
DOI: https://doi.org/10.21271/mj.1.1.15

OPEN ACCESS
*Corresponding author
nasiba.abdullah@su.edu.krd
Nasiba Rashid Abdullah

# کاریگەری ستراتیژیەتی تۆمارکردنی تێبینی لەسەر دەستکەوتی خوێندن لای قوتابییانی پۆلی یازدەمی ئامادەیی لە بابەتی جوگرافیا

RECEIVED:28/05/2025
ACCEPTED:08/07/2025
PUBLISHED:25/09/2025

**نسیبه رشید عبدالله/** بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق.

**ڕەوا صالح محمد** / بەشی باخچەی ساوایان، کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەڵاحەدین- هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق.

**وشە سەرەکییەکان**

کاریگەری،
ستراتیژیەتی تۆمارکردنی تێبینییەکان،
دەستکەوتی خوێندن،
بابەتی جوگرافیا

## پوختە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە" زانینی کاریگەری ستراتیژیەتی تۆمارکردنی تێبینییەکان لەسەر دەستکەوتی خوێندن لای قوتابییانی پۆلی یازدەمی ئامادەیی لە بابەتی جوگرافیا "، بۆ بەدیهێنانی ئامانجی ئەم توێژینەوە توێژەر ڕێبازی ئەزموونی پەیرەوکرد و پشتی بە نەخشەسازی ئەزموونی بۆ دوو کۆمەڵ (کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو ) بەست، و کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتی بوو لە قوتابییانی کوری پۆلی یازدەمی ویژەیی لە ناوەندی پارێزگای هەولێر بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤- ٢٠٢٥)، نموونەی بنەڕەتی، توێژینەوەکە(٤١)قوتابی کوری لەخۆگرتبوو، کە هەرەمەکییانە بەسەر دوو کۆمەڵە دابەشکران، بەشێوەیەک کۆمەڵەی ئەزموونی، کە بە ستراتیژیەتی تۆمارکردنی تێبینییەکان وانەیان پێگوتراوە، (٢١) قوتابی لەخۆگرت، و(٢٠) قوتابیش لەکۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو، کە بە ستراتیژیەتی فێربوونی پەیرەوکراو وانەیان پێگوتراوە. هاوسەنگی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە (تەمەنی قوتابییان هەژمارکراو بە مانگ، تاقیکردنەوەی زیرەکی، دەستکەوتی خوێندنی باوکان و دایکان، نمرەی جوگرافیا ساڵی پێشوو)، توێژەر هەڵسا بە ئامادەکردنی ئامانجی ڕەفتاری بۆ پێوانەکردن بەپێی ئاستەکانی بلۆم (بیرهێنانەوە، تێگەیشتن، جێبەجێکردن، شیکردنەوە )، کە ژمارەیان گەیشتە (١٢٧) ئامانجی ڕەفتاری. توێژەران ئامرازی تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی توێژینەوەکە بەکارهێنا، کە ژمارەی برگەکانی گەیشتە (٥٠) برگە، ڕاستگۆییەکەی پشتڕاستکرایەوە بە پێشکەشکردنی کۆمەڵێک پسپۆڕ و شارەزاییان، و دوای دەرهێنانی هاوکۆلکەکانی گرانی و ئاسانی و جیاکەرەوە و جێگرەوە هەڵەکان، جێگیری تاقیکردنەوەکە بە بەکارهێنانی ڕێگای ئەلفا کرۆنباخ، کە ڕێژەی متمانەپێکراوی گەیشتە (٠,٩٠) ، کە ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزە، بەمەش برگەکانی تاقیکردنەوە لە شێوەی کۆتایی لە (٤٣ ) برگە پێکهات، دوای جێبەجێکردنی ئامرازەکانی توێژینەوەکە و کۆکردنەوەی داتاکان و شیکردنەوەیان بە بەکارهێنانی بەرنامەی هەگبەی ئاماری(SPSS)، ئەنجامەکانی توێژینەوەکە لەژێر ڕۆشنایی هەگبە ئامارییەکان لە بەرژەوەندی کۆمەڵەی ئەزموونی بوو، بەمەش لەژێر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، توێژەر گەیشتە کۆمەڵێک ئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیاز.

**کێشەی توێژینەوەکە:**

لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوودا کێشەی لاوازی دەستکەوت لە بابەتەکانی خوێندن بەگشتی و لە جوگرافیا بەتایبەتی یەکێکە لەو کێشە بنەڕەتیانەی، کە ڕووبەڕووی پەروەردەکاران و مامۆستایان و دایکان و باوکان و خودی قوتابی بووەتەوە، بەوپێیەی بابەتی دەستکەوت بە تەوەرێکی گرنگ لە بواری پەروەردە دادەنرێت و یەکێکە لە پێوەری گرنگەکانی هەڵسەنگاندنی کاری پەروەردەیی. هەروەها بە پێوەرێکی بەراوردکاری نێوان قوتابییان دادەنرێت، بەم پێیە جێگەی سەرنجی پەروەردەکاران و توێژەران بووە، کە گریمانەیان لەسەر چەند هۆکارێکی جیاواز لە پشت ئەم لاوازییە کردووە، ڕەنگە یەکێک لەو هۆکارانە دابیننەکردنی توانای ماددی و مەعنەوی و پرۆگرامی فێرکاریی گونجاو بێت بۆ قوتابییان و لاوازی لە ئامادەکاری پیشەیی مامۆستا، بەجۆرێک توانای ناسینی ئەو ستراتیژە سەرنجڕاکێشانەی نەبێت، کە هاندەری بەرزکردنەوەی دەستکەوتە(سرحان، ٢٠٠٤، ل ١٧ ). یەکێک لە هۆکارەکانی دیکەی کەمی دەستکەوت لای قوتابییان دەخرێتە ئەستۆی مامۆستایان، کە زۆرجار لە شێوازی لاسایی وانەوتنەوەدا و بەشێوەیەکی سەرەکی پێدانی زۆرترین زانیاری بە قوتابی پشت بە وانەبێژی دەبەستن، بەبێ گوێدان بە حەز و ئارەزووەکانیان، ئەمەش وایکردووە قوتابی ڕۆڵی نەرێنی هەبێت، بۆیە پێدانی زانیاری زۆر بەبێ لەبەرچاوگرتنی توانا و پێویستییەکانی قوتابییەکان، دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوە لە وانەکانیان و هەستکردن بە بێزاری (سلامة واخرون، ٢٠٠٩، ل ١٤٦- ١٤٧).

بۆ زیاتر دڵنیابوون لە کێشەی توێژینەوەکە، توێژەر ڕاپرسیەکی کراوەی ئامادەکرد و پێشکەشی چەند مامۆستایەکی کرد، دوای وەرگرتنەوەی وەڵامەکە، دەرچوو بەشی زۆری مامۆستایان ڕێگای پەیڕەوکراو لە وانەوتنەوە بەکاردەهێنن، بۆیە کاریگەری لەسەر دەستکەوت هەیە. توێژەر گرفتەکانی توێژینەوەکەی بەشێوەی پرسیار دەستنیشاندەکات و چارەسەرکردنی کێشەی ئەم توێژینەوەیە خۆی لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەی خوارەوەدا دەبینێتەوە:

* ئایا ستراتیژیەتی تۆمارکردنی تێبینییەکان، کاریگەری لە بەرزکردنەوەی ئاستی دەستکەوتی خوێندن لە بابەتی جوگرافیا لای قوتابییانی پۆلی یازدەمی ئامادەیی دەبێت ؟

**گرنگی توێژینەوەکە:**

ئەو پێشهاتە خێرایانەی ئەمڕۆ جیهان لە هەموو بوارەکاندا بینیویەتی، وڵاتانی ناچارکردووە هەوڵدەن هاوسەنگ بن لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە یەکلەدواییەکانەدا بە کارکردن بۆ پەرەپێدانی هەموو سیستەمەکانیان، ڕەنگە گرنگترینیان پەرەپێدانی سیستەمی پەروەردەیی بێت، لە ئێستادا سەردەم بۆتە پێویستییەکی بەپەلە و بەردەوام، بۆ گەیشتن بەو ئامانجە خوازراوانەی لەگەڵ پێداویستییەکان بگونجێت، ئەو سەردەمەی ئێستا تێیدا دەژین، پێویستی بە کارکردن هەیە، بۆ ئامادەکردنی نەوەیەک، کە توانای بیرکردنەوە و خۆفێربوونی بەردەوامی هەبێت و بەرەو گەیشتن بە هاتنەدی گەشەپێدانی بەردەوام لەژێر سێبەری ئەو گۆڕانکارییە بەردەوامانەی ئەزموونی دەکەین (جروان، ٢٠١٢، ل٢٦). پەروەردە پرۆسەیەکی مرۆییە و ڕۆڵێکی گرنگی لە دروستکردنی کەسایەتی مرۆڤدا هەیە و بریتییە لە ڕێگای ژیان، یارمەتی مرۆڤ دەدات لەسەر گەشەی دروست لە ژیانی ئەمڕۆدا و بۆ وەڵامدانەوەی پێداویستی و داواکارییە ڕۆحی و جەستەی و سۆزداری و زانستی و فێرکارییەوە و ئامادەکردنی مرۆڤ بۆ دواڕۆژێکی پڕشنگدار و نزیک، وەک تاکەکەس و ئەندامانی ئەو کۆمەڵەی پێوەی وابەستە، چونکە پەروەردە بناغەی هەموو پێشکەوتن و چاکسازییەکە، ئەو ڕێگایەیە دەمانگەیەنێت بە پاککردنەوەی دەروونەکان و ڕۆشنبیرکردنی هزرەکان و بنیاتنانی گەل و نەتەوەکان، بۆیە ئەرکی پەروەردە بریتییە لە گەشەپێدان و بەرەوپێشبردنی مرۆڤ و دۆزینەوەی وزە و تواناکانی و فراوانکردنی درکپێکردنەکانی (مصطفی محمد، ٢٠٠٦، ل١٧ ).

جوگرافیا زانستێکی دینامیکی و پەرەسەندووە، کە لە ئەنجامی ڕامالینی زەوی و لافاو و زریان و بوومەلەرزە و گڕکان و ئاگرکەوتنەوەی دارستانەکان و وشکەساڵیدا جێگیر نییە، ئەمە جگە لەوەی مرۆڤ بەرانبەر بە ژینگە دەیکات، هەموو ئەم هۆکارانە کاردەکەن بۆ گۆڕینی ڕووی زەوی، هەروەها جوگرافیا زانستێکی دەستکردە، بەو پێیەی بابەتەکانی لە زانستە جۆراوجۆرەکانی وەک ئابووری و کۆمەڵناسی و سیاسەت کۆدەکاتەوە (الاحيدب،٢٠٢٢،ل٥ ). ستراتیژیەت لە

بواری پەروەردە و فێرکردن، پێکهاتەیەکی گرنگە لە پێکهاتەکانی کرداری فێرکردن، و لە هەموو پێکهاتەکانی تر زیاتر بەشداری لە بەدەستهێنانی ئامانجەکان دەکات، چونکە ڕۆڵی هەریەکە لە مامۆستا و قوتابی دیاریدەکات لە کرداری فێرکردن (أبو شعبان، ٢٠١٠، ل١٥ )، یاخود کۆمەڵێکە لەو کردار و ڕێکاریانەی وانەوتنەوە، کە مامۆستا پێشتر هەڵدەستێت بە هەڵبژاردنیان و پلان دادەنێت بۆ بەکارهێنانی ئەم کردارانە لە کاتی جێبەجێکردنی وانەوتنەوە، بەشێوەیەک ببێتە هۆی بەدەستهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکانی وانەوتنەوە بە بەرزترین چالاکی توانراو، لەژێر ڕۆشنایی توانا بەردەستەکان (زیتون، ٢٠٠٣، ل ٢٦٦).

لەنێو ئەو ستراتیژییە مۆدێرنانەی قوتابی دەکەنە چەقی پرۆسەی پەروەردەیی، ستراتیژییەکانی فێربوونی چالاکن، بەو پێیەی ڕێگە بە قوتابییان دەدەن بەشداری چالاکییە هاوبەشەکانی گروپی بکەن و کارامەیی کۆمەڵایەتی بەدەستبهێنن. هەروەها ئەم ستراتیژیانە بەشدارن لە پەرەپێدانی هەڵوێستی ئەرێنی قوتابییان بەرامبەر بە ماددە پەروەردەییەکان و فێربوون نەرمتر دەکەن، ئەمەش یارمەتیدەرە لە دەستپێکردنی ئەزموون و بیرۆکەکە. فێربوونی چالاک چەندین ستراتیژی هەیە، کە دەتوانرێت لە پێشەکی، یان لە کۆتایی وانەکەدا بەکاربهێنرێت (الشربینی و الطنطاوی، ٢٠١١، ل٧٢).

ستراتیژی تۆمارکردنی تێبینیکردن یەکێکە لەباشترین ڕێگاکان بۆ پاراستنی کاریگەری فێربوون بۆ ماوەیەکی درێژ، قوتابی خۆی تێبینی دەکات و بەشێوازی خۆی دەنووسێت و زەحمەتە بەخێرایی لەدەستبیدات، ئەم تێبینیانە وەک تۆمارێک کاردەکەن، کە قوتابی ئەزموونە پەروەردەییەکانی خۆی تێدا دەخاتەڕوو و لەکاتی پێویستدا دەیگەڕێنێتەوە(قشطة،٢٠٢٠،ل٢٠). گرنگی ستراتیژی تۆمارکردنی تێبینییەکان لەوەدا دیارە، کە ئامرازێکە پشتگیری لە توانای قوتابی دەکات، بۆ سەرنجدان و شیکردنەوە و گەڕان بەدوای مانا نوێیەکان و دەستنیشانکردنی بیرۆکە سەرەکی و لاوەکییەکان، واتە یەکێکە لەو ئامرازە سەرەکییانەی، کە یارمەتی قوتابی دەدات ئەزموونەکانی تۆماربکات، هەروەها دەستنیشانکردنی خاڵە گرنگەکان لە بابەتی خوێندنا، کە ئەمەش لەبەرانبەردا دەبێتە هۆی زیاتر تێگەیشتن و بیرهێنانەوەی بابەتی خوێندن (مرسی،٢٠٢١،ل ٢١٧).

دەستکەوت بە یەکێک لەگرنگترین دەرکردەکانی فێرکردن دادەنرێت، کە قوتابییان هەوڵ و کۆششی بۆ دەدەن، هەروەها تەوەرێکی گرنگە بۆ پرۆسەی فێرکاری و پەروەردەیی لە کۆمەڵگەدا، سەرباری ئەوەی بە پێوەری یەکەمی بەراوردکاری نێوان قوتابییان و بە ئامرازێکی کاریگەر دادەنرێت، کە وا لە قوتابییان دەکات ئاستی ئەو گۆڕانکارییانە بزانن، کە لە ڕەفتارییاندا ڕوودەدەن و توانای هەموارکردنەوەی ئامانجە فێرکارییە هەنووکەییەکان و دانانی ئامانجی پەروەردەیی نوێ دەبەخشێت (الردادی،٢٠١٩،ل٥٠ ).

قوتابییانی قۆناغی ئامادەیی گەیشتوونەتە حاڵەتێکی باشی پێگەیشتن و چێژی هونەریی و گەشەی عەقڵی و زمانییان، زێدەباری ئەوەش وایان لێدەکات توانایان هەبێت لەسەر هەڵێنجانی زانیارییەکان، بە پشتبەستن بە خودی خۆیان، ئەمەش پێویستی بە بەکارهێنانی ئەو شێواز و ڕێگای وانەوتنەوە هەیە، کە لەگەڵ گەشەیان بگونجێت و وەڵامی بارە جیاواز و جۆراوجۆرەکانیان بداتەوە، بەجۆرێک توانای گەیاندنی بابەتەکەیان هەبێت و لەگەڵ ئامانجەکانی خوێندنی بابەتەکەدا بگونجێت (الجنابی،٢٠١٠،ل٩).

لەژێر ڕۆشنایی ئەوەی باسکرا، دەتوانرێت بایەخی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەی خوارەوە کورتبکرێتەوە:

١- گرنگی فێربوونی چالاک، کە سوودگەیاندنە بە مامۆستایان و قوتابییان و یارمەتیدانیانە بۆ بنیادنانی تواناکانیان وەک چارەسەرکردنی کێشە، بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و بەردەوامی، زانینی ناوەڕۆک، پێویستی پەیڕەوکردنی ستراتیژ و ڕێگاکانی وانەوتنەوەی نوێ، کە کار لەسەر پێکهێنانی کەسایەتی قوتابی دەکات لەڕووی ژیری و دەروونی و سۆزداری و جووڵەییەوە.

٢- بەکارهێنانی گرنگی ستراتیژیەتی تۆمارکردنی تێبینی لەڕێگەی ئەم توێژینەوەدا لەگەڵ ڕەوتەکانی سەردەمدا یەکدەگرێتەوە، ڕەنگە ئەم توێژینەوەیە ئامانجە سەرەکی و گرنگییەکانی پەروەردە بەدیبهێنێت، کە بریتین لە بەرزکردنەوەی ئاستی دەستکەوتی خوێندن و ئاگایی جێبەجێکاری لەناو پۆلی یازدەمی قوتابییانی ئامادەیی لە بابەتی جوگرافیادا.

٣- بۆ قوتابییان بەسوودە، لەبەرئەوەی لەڕێگەی ئەنجامەکانییەوە هاوکار دەبێت لە بەرزکردنەوەی ئاستی دەستکەوتیان و گەشەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوە و فەراهەمکردنی کەشێکی زانستی ئەکادیمی لە بابەتی جوگرافیادا.

٤- کارکردن بۆ گەشەپێدانی ئاستی دەستکەوتی خوێندن بۆ قوتابییانی پۆلی یازدەمی ئامادەیی لە بابەتی جوگرافیا، بەهۆی بەکارهێنانی چەند هەنگاوێکی جیاواز لە یەکتر لەناو ستراتیژیەتی تۆمارکردنی تێبینییەکان.

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوە بریتییە لە:

زانینی کاریگەری ستراتیژیەتی تۆمارکردنی تێبینییەکان لەسەر دەستکەوتی خوێندن بۆ قوتابییانی پۆلی یازدەمی ئامادەیی لە بابەتی جوگرافیادا.

**گریمانەی توێژینەوەکە:**

جیاوازی ماناداری ئاماری نییە لە ئاستی (٠,٠٥) لەنێوان ناوەندە نمرەی قوتابییانی گرووپی ئەزموونگەری، کە بە ستراتیژیەتی (تۆمارکردنی تێبینییەکان ) لە بابەتی جوگرافیا دەخوێنن، لەگەڵ ناوەندە نمرەی قوتابییانی گرووپی کۆنترۆڵکراو، کە هەمان وانە دەخوێنن بەڕێگەی ئاسایی لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتی پاشەکی.

**سنووری توێژینەوەکە:**

توێژەر توێژینەوەکەی لەم چوارچێوەیە سنوردارکرد:

**سنوری مرۆیی:** قوتابییانی پۆلی یازدەمی وێژەیی (کوڕ) لە ئامادەیی دواڕۆژی کوڕان.

**سنوری شوێنی:** قوتابخانە ئامادەییەکانی بەیانییان سەر بە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی هەولێر /بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی ناوەند.

**سنوری کاتی:** وەرزی دووەمی ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤- ٢٠٢٥).

**پێناسەکردنی زاراوەکان:**

**یەکەم: کاریگەری:**

**١- (الحایک، ٢٠٠٩ ):-** بریتییە لە پەیوەندییەک لەنێوان دەرهاویشتەکان و ئامانجە دیاریکراوەکانی ڕابردوو، یان بەدیهێنانی ئامانجەکانی بەرنامەیەک یان چالاکییەک یان بەدیهێنانی کاریگەری داواکراو، ئەمەش بە واتای ئەوە دێت وەک چەمکێک تیشک دەخاتە سەر جۆری چۆنێتی دەرئەنجامەکان، کە لەدوای بەکارهێنانی سەرچاوەکان بەشێوەیەکی ڕێکوپێک بەدیدێن (الحایک، ٢٠٠٩، ل٨ ).

**٢- (العیسوي وآخرون،٢٠٠٥):-** ئەو ڕەفتارانەی کۆتاییان بە ئەنجامی دڵخۆشکەر، یان سەرکەوتوو دێت، ئەوەش لە مەیلی مرۆڤ بۆ کرداری فێرکردن دێت، هەروەها دووبارەکردنەوەی ئەو ڕەفتارە لە هەڵوێستەکانی دواتری (العیسوي وآخرون،٢٠٠٥،ل١٧).

**- پێناسەی توێژەر بۆ کاریگەری:** بڕی ئەو گۆڕانەیە، کە لە هەڵسوکەوتی قوتابییان بەهۆی ستراتیژیەتی تۆمارکردنی تێبینی لەلای قوتابییانی پۆلی یازدەمی وێژەیی لەڕێگەی ئەزموونی پەروەردەیی و فێرکردن ڕوودەدات.

**دووەم: ستراتیژیەت:**

**١- (سـعد علي زایر وآخرون،٢٠٢٣):-** بریتییە لە کۆمەڵێک چالاکی و شـێوازی کارلێکی کۆمەڵایەتی و ئەکادیمی و ژینگەیی، کە قوتابییان بۆ فێربوونی ئەوەی، کە پرۆگرامی خوێندن ئامانجیەتی ئەنجامیدەدەن (سـعد علي زایر وآخرون ٢٠٢٣، ل١٩).

٢- (**مجدی عزیز،٢٠٠٤ **): کۆمەڵێک هۆکارە مامۆستا دەتوانێت کۆنترۆڵیان بکات و هەمواریان بکاتەوە لە چوارچێوەی ئەو ئامانجە دیاریکراوەی ئەو بابەتەی دەیڵێتەوە، وەک ئەو ڕێگەیەی لە وانەوتنەوەدا پەیڕەوی دەکات و جۆری ئەو پرسیارانەی ئاڕاستەی قوتابییانی دەکات (مجدی عزیز،٢٠٠٤، ل٢١٦ ).

- **پێناسەی توێژەر بۆ ستراتیژیەت:-** کۆمەڵی ڕێکارن یان هەنگاون بۆ وانەوتنەوە، کە مامۆستا پێشتر ئامادەیان دەکات بۆ جێبەجێکردنی لەکاتی وانەوتنەوە.

- **پێناسەی ڕێکاری توێژەر:** بریتییە لە زانینی ئاستی کارایی ستراتیژیەتی تۆمارکردنی تێبینییەکان لە وانەوتنەوەی بابەتی جوگرافیا لە پۆلی یازدەمی ئامادەیی، کە کۆمەڵێک تەکنیک و شێواز و ڕێگا و هەنگاو لەخۆدەگرێت، بەمەبەستی دەرخستنی ڕادەی سەرکەوتوویی ئەو ستراتیژیەتە لەسەر گەشەکردنی ئاگایی جێبەجێکاری و دەستکەوتی خوێندن.

**سێیەم: ستراتیژیەتی تۆمارکردنی تێبینییەکان:**

١- (**الشمري،٢٠١١ **): ستراتیژیەتێکە لە ستراتیژەکانی فێربوونی چالاک، کە پەیوەندی بە هەماهەنگیکردنی زانیارییەکان و دەرچوونەکانە لە پرۆســــەی پەروەردەدا وەک کارامەییەکی کارا بەکاردەهێنرێت، کە لەلایەن قوتابییەوە لەکاتی گوێگرتن لە وانەکە یان خوێندنەوەی بابەتەکە، کە بریتییە لە نووسـینی بیرۆکەی سـەرەکی یان نەخشـە تایبەتەکان، کە قوتابی بە گرنگی دەزانێت (الشمري،٢٠١١،ل١٦٤).

٢- (**سعادة، ٢٠١٨ **): یەکێکە لە ستراتیژیەکانی فێرکردنی هاوچەرخ، کە نوێنەرایەتی پراکتیکی ڕاستەقینەی تۆمارکردن و بەڵگەنامەکردنی زانیاری لە سەرچاوەیەکی مەعریفی ترەوە دەکات، بەجۆرێک قوتابی جەوهەری زانیارییەکان تۆماردەکات، بەشێوەیەک عەقڵ ڕزگار بکات لە تۆمارکردنی هەموو شتێک و کورتکردنەوەی لە خاڵە گرنگەکان (سعادة،٢٠١٨،ل٤٥٣ ).

- **پێناسەی تیۆری توێژەران:** تۆمارکردنی تێبینی ستراتیژیەتێکە هەوڵدەدات بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی دەستکەوتی قوتابییان لە ستراتیژیەتە هاوچەرخەکانی وانەوتنەوە، کە بەشێوەیەکی گشتی سەرنج دەخاتە سەر دوو شتی گرنگ، کە بریتین لە قوتابی و کرداری فێربوون.

- **پێناسەی ڕێکاری توێژەران:** تۆمارکردنی تێبینییەکان یەکێکە لە ستراتیژیەکانی فێربوونی چالاک، کە تیایدا قوتابییانی پۆلی یازدەمی ئامادەیی دەبنە تەوەری سەرەکی پرۆسەی فێربوون لە ڕێکخستن و کورتکردنەوەی زانیاری لەڕێگەی بیرۆکە و وشە سەرەکییەکان بە تۆمارکردنی تێبینیەکانیان بیر بکەنەوە و تێبگەن و زانیارییەکان بەشێوەیەکی خێراتر بێتەوە یادگەیان، بەتایبەتی لەکاتی پێداچوونەوە بۆ تاقیکردنەوەکان لە بابەتی جوگرافیا بەهۆی گەشەکردنی ئاگاییان.

**چوارەم: دەستکەوتی خوێندن:**

١- (**الشــعراوي ٢٠٠٨**): بریتییە لە دەســتکەوتی نمرەیەکی وەدەســتهاتوویی ڕاســتەقینە لە ئاســتی بەرزی کەســێکی سەرکەوتوو لە بابەتەکانی خوێندن یان لە بواری فێرکردن (الشعراوي،٢٠٠٨،ل١٧٥ )

٢- (**الخیاط، ٢٠١٠**): ڕادەی بەدیهێنانی ئامانجەکانی فێربوونە لە بابەتێک یان بوارێک، کە پێشــــتر تاک لێکۆڵینەوە یان ڕاهێنانی لەسەر کردووە لەمیانەی کار و ئەرکە دیاریکراوەکان دا (الخیاط، ٢٠١٠، ل٧٣).

- **پێناسەی تیۆری توێژەر:** ئەو ئاستەیە قوتابی لەو بابەتە بەدەستیدەهێنێت، کە ماوەیەکی دیاریکراو بە تاقیکردنەوە خوێندوویەتی و لەلایەن مامۆستای بابەتەوە دەپێورێت و هەڵسەنگاندنی بۆدەکرێت و بڕیاری لەسەر دەدرێت.

- **پێناسەی ڕێکاری توێژەر:** بریتییە لەو نمرانەی قوتابییانی سامپڵی توێژینەوەکە لەڕێگەی وەڵامدانەوەی بڕگەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوت لە بابەتی جوگرافیای پۆلی یازدەمی ئامادەیی بەدەستیدەهێنن، کە توێژەر پێشتر بۆ ئەم مەبەستە بونیادی ناوە.

**پێنجەم: جوگرافیا (الجغرافیة )**

**١- (شـهید، ٢٠١٩ ):-** جوگرافیا زانستێکە کار دەکات بۆ لێکۆڵینەوەی ڕووی زەوی و دیاردە سروشتی و مرۆییەکانی، و پەیوەندییە کاریگەرییەکەی نێوان زەوی و مرۆڤ شیدەکاتەوە (شهید، ٢٠١٩، ل١٣١٩ ).

**چوارچێوەی تیۆری**

**یەکەم: ستراتیژی تۆمارکردنی تێبینییەکان**

ستراتیژی تێبینیکردن یەکێکە لە ستراتیژەکانی فێربوونی چالاک، کە لەسەر بنەمای کاریگەری قوتابییان و بنیاتنانی زانیاری خۆی دامەزراوە، بەو پێیەی زۆربەی پەروەردەکاران پشتڕاستی دەکەنەوە، کە قوتابی خاوەن لێهاتوویی خوێندنە، کە لە گرنگترین ئامرازەکانی خوێندنی مۆدێرن و بەردەوامدان، بەقەد گرنگیدان بە فێرکردنی ناوەڕۆکی پرۆگرامی تایبەتەکان، وا دەردەکەوێت ئەم کارامەییانەی خوێندن دەتوانن خودی خۆیان گەشە بکەن لە ئەنجامی بەرەوپێشچوونی تەمەن، یان بەدەستهێنانی زانیاری و ئەزموونێکی دیاریکراو. هەرچەندە زۆرێک لە لێکۆڵینەوەکان ئاماژەیان بەوە کردووە، کە قوتابخانە و زانکۆ بەرپرسیارن لە پەرەپێدانی ئەم کارامەییانە و گەیاندنیان بە قوتابییان، ئەگەر بیانەوێت قوتابی سەرکەوتوو جیاواز و سەربەخۆ بن (الحموری،٢٠٠٢،ل١٧١ ).

ستراتیژی تۆمارکردنی تێبینییەکان تەنها پرۆسەی کۆکردنەوەی بیرۆکە و زانیاری نییە، بەڵکو پرۆسەی نووسینەوەیە بەشێوەیەکی ڕێکخراو و ئامانجدار، تاوەکو لەکاتێکی تر سوودی لێوەربگیرێت، بۆیە ئەم ستراتیژە یارمەتی قوتابییان دەدات بۆ باشترکردنی توانایان لە تۆمارکردنی تێبینییەکان بەشێوەیەکی ڕێکخراو و ورد و تەواو، هەروەها هاوکاری مامۆستایان دەکات لە ئامادەکردنی وانەکانیان، ئەمەش کاریگەری ئەرێنی لەسەر تێگەیشتنی قوتابییان لە بابەتەکان هەیە و دەستکەوتی باشیان هەیە، بۆیە بە یەکێک لە ستراتیژیەتە مەعریفییە گرنگەکان دادەنرێت لە پرۆسەی فێربووندا، هەرچەندە پێویستی بە کاتێکی زیاترە بۆ نووسین، بەڵام وا دەکات قوتابییان زیاتر بە بابەتی فێربوون سەرقاڵ بن، هەروەها یارمەتیان دەدات لەسەر ڕێکخستنی زانیارییەکان وبەیەکەوەبەستنیان و فێربوونیان (محمد،٢٠١٠،ل ٦٥).

**هەنگاوەکانی ستراتیژی تۆمارکردنی تێبینییەکان:**

١- دابەشکردنی قوتابییان بەسەر گرووپی بچووکدا و ئامادەکاری بۆ وەرگرتنی بابەتی خوێندن بە گوێگرتن و خوێندنەوە و سەرنجدان و تێبینی بابەتەکە، و ئامادەکردنی پێداویستییەکانی تۆمارکردنی تێبینی لە پێنووس و کاغەز.

٢- خوێندنەوەی بابەتەکە و گوێگرتن و سەرنجدانی لەمیانەی ئەوەوە وەرگرتنی تێبینییە گرنگەکان، کە نوێنەرایەتی ڕەگەزەکانی خوێنراو و گوێبیست دەکات، لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر هەڵبژاردنی شوێنی گونجاو بۆ گوێگرتن و سەیرکردن، و دڵنیابوون لەڕوونی دەستنووس و وریایی و ئاگایی بەردەوام.

٣- قوتابییان بە بێدەنگی دەخوێننەوە و پێداچوونەوە بەو تێبینیانەی لە کاتی وەرگرتنی کەرەستەی فێربوون لە سەرچاوەکانیانەوە وەریگرتووە و ڕێکخستنیان، بۆ ئەوەی پرۆسەی تێبینی خودی لەژێر ڕۆشنایی تێگەیشتنی خۆی بۆ ناوەڕۆکی فێربوون لەسەریان بنیاتبنێت.

٤- دوای پێداچوونەوەی قوتابی بەو تێبینیانەی لە سەرچاوە وەریگرتووە و بیرهێنانەوە و بینینی ناوەڕۆکەکەی، ئەو تێبینیانەی گوزارشت لە پێکهاتەی فێربوونی نوێ دەکەن، دەخاتە مێشکی خۆیەوە، دڵنیایی دەدات لە وردبینی زانستییان و بینینی وردی ڕەگەزەکانی ناوەڕۆکی فێربوونەکە، پاشان ڕێکخستنی ئەم تێبینییانە بەشێوەیەکی باش و پێشکەشکردنی بۆ کەسانی تر لەکاتی پێویستدا. واتە هەر گروپێک ئەوەی لەسەر بابەتەکە دەیزانێت، لە بواری دووەمدا دەینووسێت.

٥- هاوبەشکردنی زانیاری و تێبینی لەگەڵ هاوتەمەنەکان و ئاڵوگۆڕی بیرۆکە و بۆچوون لەسەریان و تاوتوێکردنیان و وەستان لەسەر لایەنە جیاوازەکانیان.

٦- نووسـینی پوختەی کۆتایی بابەتەکە لەگەڵ پشـتگیریکردنی بە نەخشـەی هزری، وێنەکێشـان یان هێڵکاری لە هەر شوێنێک پێویست بوو (عطية، ٢٠١٨،ل٣٢٩ ).

**تایبەتمەندییەکانی ستراتیژیەتی تۆمارکردنی تێبینییەکان**

١- کاریگەری قوتابی لە پرۆسەی فێربووندا زیاددەکات و تێگەیشتنێکی قووڵ بە ناوەڕۆکی فێربوون دەدات.

٢- سـەرنجی قوتابییان زیاددەکات و ئاگاییان بۆ ئەو شـتانە ڕادەکێشـێت، کە دەبیسـترێت و دەخوێندرێتەوە یان دەبینرێت.

٣- یەکێکە لە باشـترین و کاریگەرترین سـتراتیژ، کاتێک قوتابی بۆ پێداچوونەوە بە وانەکان و ئامادەکاری بۆ تاقیکردنەوەکان بەکاریدەهێنێت.

٤- هەڵگرتنی زانیاری بەشێوەی پوخت و چڕ لە یادگەی درێژخایەن.

٥- قوتابی توانای شیکردنەوەی زانیارییەکانی بۆ کەسانی تر هەیە (عطية، ٢٠١٨،ل٣٢٦).

**توێژینەوەکانی پێشوو دەربارەی ستراتیژی تۆمارکردنی تێبینییەکان**

**توێژینەوەی جواد عبید (٢٠٢٢ )**

- ئامانجی توێژینەوەکە دەستنیشانکردنی (کاریگەری ستراتیژییەکانی تێبینیکردن و خوێندنەوەی وێنە لەسەر دەستکەوتی خوێندنی کۆمەڵایەتی بۆ قوتابییانی پۆلی دووەمی ناوەندی).

- نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە (٨١) قوتابی پۆلی دووەمی ناوەندی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢١- ٢٠٢٢)، (٢٦) قوتابی لە گروپی ئەزموونی، کە زانستە کۆمەڵایەتییەکانیان بە ستراتیژی تۆمارکردنی تێبینی بوو، لەکاتێکدا گروپە تاقیکارییەکەی تر، کە بابەتی کۆمەڵناسییان خوێندووە، بە وەرگرتنی ستراتیژی خوێندنەوەی وێنە لەلایەن (٢٨) قوتابییەوە، و گروپی کۆنترۆڵیش(٢٧) قوتابی، کە بە وەرگرتنی شێوازی ئاسایی بابەتی کۆمەڵایەتییان خوێندووە، توێژەر دیزاینێکی ئەزموونی بە کۆنترۆڵی بەشەکی هەڵبژارد (بۆ دوو گروپی ئەزموونی و گروپی کۆنترۆڵ) .

هاوسەنگی نێوان هەردوو گرووپ پێکهاتبوو لە (تەمەنی کاتی قوتابی، ئاستی خوێندنی دایک و باوک، و نمرەی بابەتی کۆمەڵایەتی لە پۆلی یەکەمی ناوەندی ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠- ٢٠٢١)، توێژەر ئامانجە ڕەفتارییەکانی (١٠٠) ئامانجی ڕەفتاری داڕشتووە، هەروەها پلانی وانەوتنەوەیان بۆ ئامادەکردووە، کە دەکاتە (١٦) پلان بۆ هەر گروپێک، توێژەر تاقیکردنەوەیەکی دەستکەوتی ئامادەکرد، کە لە (٤٠) برگەی جۆری هەڵبژاردن پێکهاتبوو، بەپێی بلۆمی مەعریفی بۆ دڵنیابوون لە ڕاستگۆیی ڕەواڵەت، توێژەر بۆ جێگیریی تاقیکردنەوەکە شێوازی نیوە بەشکردن، شێوازی کیودەر-ریچاردسۆن ٢٠ی گرتەبەر. ئاستی گرانی برگەکان و بەهێزی جیاکاری و کاریگەریی جێگرەوەکانی هەڵە حیسابی بۆ کرا. داتاکان بەشێوەیەکی ئاماری پرۆسێس کران.

لە کۆتایی ئەنجامەکە بەم شێوە دەرکەوت، ئەو قوتابییانەی گروپی ئەزموونین، کە بەپێی ستراتیژی تێبینی وەرگرتن خوێندوویانە، لە قوتابییانی گروپی کۆنترۆڵ، کە بە شێوازی ئاسایی خوێندوویانە باشتر بوون . قوتابییانی گروپی ئەزموونی، کە بەپێی ستراتیژی تێبینی وەرگرتن و ستراتیژی خوێندنەوەی وێنە خوێندوویانە، لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتدا لە قوتابییانی گروپی کۆنترۆڵ باشتر بوون.(عبید،٢٠٢٢،ل١١).

**توێژینەوەی مرسی (٢٠٢٤ )**

**(کاریگەری دوو ستراتیژییەتی تۆمارکردنی تێبینییەکانی ژمارەیی (هێڵی، ناهێڵی) لە کتێبە ئەلیکترۆنییە کارلێکەکاندا لەسەر پەرەپێدانی تواناکانی تێگەیشتنی قووڵ، فێربوونی خۆڕێکخراو و تێڕوانینەکانی قوتابییە کچەکان لە تەکنەلۆژیای پەروەردەیی و زانیاری)**

– ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دیاریکردنی کاریگەری دوو ستراتیژی تۆمارکردنی تێبینیی ژمارەیی بوو (هێڵی، ناهێڵی) لەگەڵ کتێبی ئەلیکترۆنی کارلێککارانە لەسەر پەرەپێدانی تواناکانی تێگەیشتنی قووڵ، فێربوونی خۆڕێکخراو و تێڕوانینەکانی قوتابییانی کچ لە تەکنەلۆژیای پەروەردەیی و زانیاری.

– نموونەی توێژینەوەکە قوتابییانی کچ بوو لە ئاستی یەکەمی پرۆگرامی پەروەردەیی و تەکنەلۆژیای زانیاری لەوەرزی یەکەمی ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣، ٢٠٢٤ ) و ژمارەیان (١٦) قوتابی بوو، کە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی دابەشکرابوون بەسەر دوو گروپی یەکساندا، یەکەم گروپی ئەزموونی کە هەڵسان بە تۆمارکردنی تێبینی ژمارەیی هێڵی نووسراو لە کتێبی ئەلیکترۆنی کارلێککەردا بە بەکارهێنانی ستراتیژی کۆرنێل، و گروپی ئەزموونی دووەم تۆمارکردنی تێبینی ژمارەیی ناهێڵی لە کتێبی ئەلیکترۆنی کارلێککەردا بە بەکارهێنانی ستراتیژی نەخشەکێشانی هزری ئەلیکترۆنی.

– نەخشەسازی ئەزموونی توێژینەوەکە بە دیزایینی ئەزموونی دوو گرووپ ناسراوە لەگەڵ پێوانەکانی پێشەکی و پاشەکی.

– هاوسەنگی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە (تەمەنی قوتابی، دەستکەوتی دایک و باوک، دەستکەوتی نمرەی ساڵی پێشوو).

– توێژەر ئامرازە ئامارییەکانی (ئەنۆڤا، کای سکوێر، هاوکۆلکەی گرانی، هێزی جیاکەرەوە، کاریگەری جێگرەوە هەڵەکان، بیرسون، سبیرمان، شیفیە )ی بەکارهێنا.

– ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخست، کە هەریەک لە دوو ستراتیژیەتی ژمارەیی تێبینیکردن، جا هێڵیی بێت یان ناهێڵی، کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر هەردوو کارامەیی تێگەیشتنی قووڵ و توانای فێربوونی خۆڕێکخراوی قوتابییە کچەکان بەدەستهێناوە و ئاستێکی بەرزیان بەدەستهێناوە (مرسی،٢٠٢٤،ل٢).

**توێژینەوەی السعدی (٢٠٢٣ )**

**(کاریگەری ستراتیژیەتی تۆمارکردنی تێبینییەکان (کۆرنێڵ) لە دەستکەوتی بابەتی فیزیا و بیرکردنەوەی زیرەکی لەلایەن قوتابییانی پۆلی پێنجەمی زانستی کچان )**

– ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دیاریکردنی کاریگەریی ستراتیژی تۆمارکردنی تێبینییەکان(کۆرنێل)ە لە بەدەستهێنانی بابەتی فیزیا و بیرکردنەوەی زیرەک لەنێو قوتابییانی کچ لە پۆلی پێنجەمی زانستی.

– نموونەی توێژینەوەکە پێکدێت لە (٦٠) بەڕێگەی تەرخانکردنی هەڕەمەکی سادە (تیروپشک ) بۆ دوو هۆبەی خوێندن (٣٠) قوتابی بۆ هەر بەشێک، بەجۆرێک یەکێکیان نوێنەرایەتی گروپی ئەزموونی و ئەویتریان گروپی کۆنترۆڵ بکات، دوای دەرکردنی ئەو قوتابییانەی لە هەردوو گروپەکە لە ئامادەیی ئەسمای کچان شکستیان هێناوە.

– دیزاینی ئەزموونی بە کۆنترۆڵی بەشەکی دوو گروپی هاوتا (ئەزموونی و کۆنترۆڵ) بە تاقیکردنەوەی پاشەکی لە دەستکەوتی بابەتی فیزیا و بیرکردنەوەی زیرەکی.

– هاوسەنگی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە (تەمەنی قوتابی بە مانگ، تاقیکردنەوەی زیرەکی (ئۆتس- لێنۆن)، تاقیکردنەوەی زانیاری فیزیایی پێشوو، تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی زیرەک)، هەروەها مادده پەروەردەییەکان لە کتێبی فیزیا بۆ پۆلی پێنجەمی زانستی. ئامانجی ڕەفتاری لە(٢٠٠) ئامانج پێکهاتووە، و توێژەر (٦٦) پلانی وانەوتنەوەی بۆ هەر گروپێک ئامادەکردووە.

– سەبارەت بە ئامرازی ئاماری توێژینەوەکە، توێژەر هاوکۆلکەی ئاسانی و گرانی و هێزی جیاکەرەوە و جێگرەوە هەڵەکانی بۆ بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە دەرهێنابوو لەگەڵ هاوکۆلکەی پیرسۆن و تاقیکردنەوەی تائی و هاوکۆلکەی پۆینت بایسیریال، و هاوکێشەی کیودر ریتشاردسون، هاوکۆلکەی کاریگەری قەبارە.

– ئەنجامەکان دەرکەوت، کە جیاوازییەکی ئاماری بەرچاو لەنێوان هەردوو گروپەکەدا (ئەزموونی و کۆنترۆڵ) هەبووە، لە بەرژەوەندی گروپی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەی دەستکەوت و تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی زیرەکدا (السعدی،٢٠٢٣،ل٢٠٧- ٢٠٨ ).

**سوودی توێژینەوەکانی پێشوو:**

سوودی توێژینەوەکانی پێشوو لە زۆر لایەنەوە گرنگییان هەیە، کە دەتوانرێت بەم شێوەیە کورتبکرێتەوە:

١- توێژەر سوودی لە توێژینەوەکانی پێشوو وەرگرتووە بە بەڵگە و نیشاندەر، کە پاڵپشتی کێشەی توێژینەوەکە و گرنگییەکەی دەکەن.

٢- سوودوەرگرتن لە هەندێ توێژینەوەی پێشوو بۆ بەراوردکردنیان لەگەڵ توێژینەوەی ئێستا.

٣- پێداچوونەوە بە جۆرەکانی دیزاینە تاقیکارییەکان، کە لە توێژینەوەکانی پێشوودا باسکراون و لە هەڵبژاردنی دیزاینی تاقیکاری گونجاو سوودمەند بن.

٤- دەستنیشانکردنی هەنگاوەکانی ئامادەکردن و بنیاتنانی ئەو تاقیکردنەوانەی لێکۆڵینەوەی ئێستا پێویستیانە، بەگوێرەی ئامانج و گونجانی لەگەڵ نموونە و ژینگە.

٥- دیاریکردنی شێوازە ئامارییە گونجاوەکان بۆ ڕێکارەکانی توێژینەوەکان، ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکانی پێشوو بەدەستیانهێناوە، هەروەها ڕادەی یەکدەنگی و جیاوازییان لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکەی ئێستا.

**ڕێباز و ڕێکارەکانی توێژینەوە:**

توێژەر بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکەی ڕێبازی ئەزموونی پەیڕەوکردووە، کە بە ڕێبازێکی گونجاوی داناوە بۆ جێبەجێکردنی ئەزموونەکە، چونکە لەگەڵ سروشت و ئامانجەکانی توێژینەوەکە دەگونجێ.

**دیزاینی ئەزموونی توێژینەوەکە:**

بنیاتنانی نەخشـــەســـازی ئەزموونی بریتییە لە نەخشـــە و بەرنامەی کارکردن بۆ چۆنیەتی ئەنجامدانی کارەکە (داودوعبدالرحمن،١٩٩٠،ل٢٥٦ ). توێژەر پشتی بە نەخشەسازی نیمچە ئەزموونی بۆ دوو کۆمەڵەی هاوتاکراو(کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو ) بەست، کە لەگەڵ ڕێکارییەکانی توێژینەوەکە دەگونجێ.

**خشتەی (١) خستنەڕووی نەخشەسازی ئەزموونی توێژینەوەکە**

| کۆمەڵەکانی توێژینەوە | گۆڕاوە سەربەخۆکان | گۆڕاوی پاشەکی | تاقیکردنەوەی پاشەکی |
|---|---|---|---|
| ئەزموونی | ستراتیژیەتی تۆمارکردنی تێبینیەکان | دەستکەوتی خوێندن | دەستکەوتی خوێندن |
| کۆنترۆلکراو | ستراتیژیەتی فێربوونی پەیرەوکراو | | |

**کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:**

بریتییە لە کۆی گشتی ئەو چینەی توێژەر هەوڵدەدات لەسەر ئەنجامەکان گشتاندنی بۆ بکات، کە پەیوەستە بە کێشەی توێژینەوەکە (النوح، ٢٠٠٤،ل ٧٨ )، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکدێت لە هەموو قوتابییانی پۆلی یازدەمی وێژەیی لە قوتابخانە ئامادەییەکانی سەر بە پەروەردەی ناوەندی پارێزگای هەولێر، کە ژمارەیان دەگاتە (٧٨٢) قوتابی کوڕ لە کۆی(٢٤) قوتابخانەی ئامادەیی کوڕان، و (٩٧٣) قوتابی کچ لە کۆی (٣٦ ) قوتابخانەی ئامادەیی کچان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤- ٢٠٢٥ ).

**نموونەی توێژینەوەکە:**

* **نموونەی قوتابخانەکان:** توێژەر نموونەی توێژینەوەکەی بریتی بوو لە (ئامادەیی دواڕۆژی کوڕان )، کە بەشێوەیەکی مەبەستدار بۆ ئەنجامدانی ڕێکارەکانی توێژینەوەکەی هەڵبژارد، ئەمیش لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

١- بوونی دوو پۆلی خوێندنی یازدەمی وێژەیی لەم قوتابخانەیەدا، کە لەگەڵ گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە گونجاوە.

٢- ئامادەبوونی بەڕێوەبەری قوتابخانە و مامۆستای بابەتی جوگرافیا لە هاوکاریکردنی توێژەر و کارئاسانکردن بۆ ئەنجامدانی ڕێکاری توێژینەوەکە.

٣- گونجانی هەڵکەوتەی جوگرافی قوتابخانەکە لەگەڵ کات و دەرفەتی توێژەر و ئاسانی ئامادەبوونی لە قوتابخانەکە بۆ ئەنجامدانی کاری توێژینەوەکە بەبێ کێشە و گرفت.

***نموونەی قوتابییان:** توێژەر هەڵبژاردنی هەڕەمەکی ئەنجامدا و پۆلی (أ) وەک کۆمەڵەی ئەزموونی بەگوێرەی ستراتیژیەتی تۆمارکردنی تێبینییەکان و پۆلی (ب) وەک کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو بەگوێرەی ڕێگای ئاسایی پەیڕەوکراو، ژمارەی قوتابییان بەم شێوەیە بوو (٢١) قوتابی لە کۆمەڵەی ئەزموونی و (٢٠) قوتابی لە کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو.

**هاوسەنگکردنی کۆمەڵەکانی توێژینەوەکە:**

هاوسەنگکردن بە واتای یەکسانکردنی گرووپەکانی ئەزموونی و کۆنترۆڵ لە کۆکردنەوەی گۆڕاوەکاندا، جگە لەو گۆڕاوەی توێژینەوەی لەسەر دەکرێت (گۆڕاوە سەربەخۆکە )(العساف،٢٠٠٦،ل٣١٢ ).

توێژەر هاوسەنگکردنی کۆمەڵەکانی توێژینەوەکە لەڕووی ئامارییەوە لە چەند گۆڕاوێکی جیاوازدا ئەنجامدا، پرۆسەی هاوسەنگکردنەکە لەنێوان ئەندامانی هەردوو گرووپی توێژینەوەکە (تەمەن بە مانگ، دەستکەوتی ئەکادیمی دایک و باوک، نمرەی بابەتی جوگرافیا بۆ پۆلی دەیەمی وێژەیی، تاقیکردنەوەی زیرەکی ڕاڤن). توێژەر فۆرمی تایبەت بە زانیاری قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەکەی دابەشکرد، پاشان دەستیکرد بە تۆمارکردنی داتا خواستراوەکانی تایبەت بە تەمەنیان و هەژمارکردنی تەمەنیان بە مانگ. ئەمانەی خوارەوە ئەنجامی هاوسەنگکردنی هەندێک لە گۆڕاوەکانی نێوان دوو گرووپی توێژینەوەکەن، خشتەی (٢).

**خشتەی (٢) هاوسەنگکردنی نموونەی توێژینەوەکە ب گوێرەی تەمەن و نمرەی جوگرافیا و پێوەری زیرەکی**

| گۆڕاوەکان | کۆمەڵەکە | نموونە | ناوەندەژمێر | لادانی پێوەر | نمرەی ئازادی | بەهای T.test | | بەهاداری ئامار لە ئاستی ٠،٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | هەژمارکراو | ئەگەری Sig. | |
| تەمەن | ئەزموونگەری | ٢١ | ٢١٢،٩٠٤٨ | ٣،٩١٠٣٠ | ٣٩ | ٠،١٧٢ | ٠،٨٦٤ | بەهادارنیە* |
| | کۆنترۆلکار | ٢٠ | ٢١٢،٧٠٠٠ | ٣،٧٠٠٦٤ | | | | |
| نمرەی جوگرافیا | ئەزموونگەری | ٢١ | ٦١،٦٧ | ١١،٢٣٥ | ٣٩ | ٠،٥٩٧ | ٠،٥٥٤ | بەهادارنیە* |
| | کۆنترۆلکار | ٢٠ | ٥٩،٦٥ | ١٠،٢٥٣ | | | | |
| زیرەکی | ئەزموونگەری | ٢١ | ٤١.٣٨ | ٥.٩٢٩ | ٣٩ | ٠،٥٩٩ | ٠،٥٥٣ | بەهادارنیە* |
| | کۆنترۆلکار | ٢٠ | ٤٠.٢٥ | ٦.١٦٣ | | | | |

* چونکە Sig. > ٠،٠٥

**- دەستکەوتی خوێندنی باوکان:**

توێژەر بۆ ئاستی خوێندنی باوکی قوتابییانی هەردوو گرووپی توێژینەوەکە لەڕێگەی فۆرمێکی ئامادەکراو دیاریکرد، کە ئاستەکانی دەستکەوتی دابەشکردبوو بۆ (٤) ئاست، ئاستەکانیش بریتی بوون لە (نەخوێندەوار و سەرەتایی، ناوەندی و ئامادەیی، دبلۆم، بەکالۆریۆس بەسەرەوە)، پاشان ڕێکاری ئاماری لەگەڵ داتا تایبەتییەکانی دەستکەوتی خوێندنی باوکی قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەکە بە بەکارهێنانی (مربع کای - کا[٢] )، جێبەجێکرد، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە بڕوانە خشتەی (٣):

**خشتەی (٣ ) ئەنجامی (کا$^{٢}$) بۆ کۆمەڵەکانی توێژینەوەکە لە گۆڕاوی دەستکەوتی خوێندنی باوکان**

| کۆمەڵەکانی توێژینەوە | ژمارەی نموونەکان | دەستکەوتی خوێندنی باوکان | | | | پلەی ئازادی | بەهای (کا$^{٢}$ ) | | بەهاداری ئاماری لە ئاستی (٠.٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | نەخوێندەوار وسەرەتایی | ناوەندی وئامادەیی | دبلۆم | بەکالوریوس بەسەرەوە | | هەژمارکراو | ئەگەری Sig. | |
| ئەزموونی | ٢١ | ٨ | ٨ | ٣ | ٢ | | | | |
| کۆنترۆکار | ٢٠ | ٦ | ٨ | ٣ | ٣ | ٣ | ٠.٤٦٢ | ٠.٩٢٧ | بەهادارنیە* |
| کۆی گشتی | ٤١ | ١٤ | ١٦ | ٦ | ٥ | | | | |

* چونکە Sig. > ٠.٠٥

لەم خشتەیەی سەرەوە دەردەکەوێت بەهای (کا$^{٢}$) ئەگەری یەکسانە بە (٠,٩٢٧)، کە گەورەترە لە ڕێژەی ئاستی ئاماری (٠,٠٥)، ئەمەش مانای نەبوونی جیاوازی بەهاداری ئامارییە لەنێوان قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەکە، و ئاماژەیە بۆ هاوسەنگی هەردوو کۆمەڵەکە لەم گۆڕاوەدا.

**٤- دەستکەوتی خوێندنی دایکان:**

توێژەر ئاستی خوێندنی دایکی قوتابییانی هەردوو گرووپی توێژینەوەکەی لەڕێگەی فۆرمێکی ئامادەکراو دیاریکرد، کە ئاستەکانی دەستکەوتی دابەشکردبوو بۆ (٤) ئاست، ئاستەکانیش بریتی بوون لە (نەخوێندەوار و سەرەتایی، ناوەندی و ئامادەیی، دبلۆم، بەکالۆریۆس بەسەرەوە)، پاشان ڕێکاری ئاماری لەگەڵ داتا تایبەتییەکانی دەستکەوتی خوێندنی دایکی قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەکە بە بەکارهێنانی (مربع کای - کا$^{٢}$ ) جێبەجێکرد، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە بڕوانە خشتەی (٤):

**خشتەی (٤ ) ئەنجامی (کا$^{٢}$) بۆ کۆمەڵەکانی توێژینەوەکە لە گۆڕاوی دەستکەوتی خوێندنی دایکان**

| کۆمەڵەکانی توێژینەوە | ژمارەی نموونەکان | دەستکەوتی خوێندنی دایکان | | | | پلەی ئازادی | بەهای (کا$^{٢}$ ) | | بەهاداری ئاماری لە ئاستی (٠.٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | نەخوێندەوارو سەرەتایی | ناوەندی وئامادەیی | دبلۆم | بەکالوریوس بەسەرەوە | | هەژمارکراو | ئەگەری Sig. | |
| ئەزموونی | ٢١ | ١٢ | ٦ | ٢ | ١ | | | | |
| کۆنترۆلکراو | ٢٠ | ١٣ | ٣ | ٣ | ١ | ٣ | ١,٢١٦ | ٠,٧٤٩ | بەهادارنیە* |
| کۆی گشتی | ٤١ | ٢٥ | ٩ | ٥ | ٢ | | | | |

* چونکە Sig. > ٠.٠٥

لەم خشتەیەی سەرەوە دەردەکەوێت بەهای (کا٢) ئەگەری یەکسانە بە (٠,٧٤٩)، کە گەورەترە لە ڕێژەی ئاستی ئاماری (٠,٠٥)، ئەمەش مانای نەبوونی جیاوازی بەهاداری ئامارییە لەنێوان قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەکە، و ئاماژەیە بۆ هاوسەنگی هەردوو کۆمەڵەکە لە گۆڕاوی دەستکەوتی خوێندنی دایکان.

**کۆنترۆڵکردنی گۆڕاوە دەرەکییەکان (سەلامەتی ناوخۆیی و دەرەکی):**

گۆڕاوە دەرەکییەکان واتە ئەو گۆڕاوانەی کاریگەرییان لەسەر گۆڕاوە وابەستەکراوەکە هەیە و کەوتوونەتە ژێر کۆنترۆڵی توێژەرەوە، چونکە توێژەر ناتوانێت بیانخاتە ناو دیزاینی توێژینەوەکەدا و تەنانەت ئەگەر نەناسراویش بن، دەبێت لە کاتی شیکردنەوە و باسکردن و لێکدانەوەی ئەنجامەکاندا لەبەرچاویان بگرێت، چونکە ڕەنگە کاریگەری لەسەر ڕەوایەتی تاقیکردنەوەکە و نەبوونی متمانە بەوردی ئەنجامەکانی و ئەگەری گشتاندنی ئەنجامەکان بۆ ئەو کۆمەڵگە ڕەسەنەی نموونەکەی لێ وەرگیراوە (الربيعي واخرون،٢٠١٨،ل ٨٩ ).

**أ- سەلامەتی ناوەکی نەخشەسازی ئەزموونی:**

کۆمەڵێک هۆکارێک هەن کاریگەری دروستدەکەن و لە توانای گشتگیریکردنی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە کەمدەکەنەوە، هەر بۆیە دەبێت توێژەر ئەو گۆڕاوانە کۆنترۆڵ بکات، کە گومان دەکرێت کاربکەنە سەر ئەنجامەکان و نەهێڵێت ورد و دروستبن، لەو هۆکارانەش کە کاریگەری لەسەر سەلامەتی ناوەکی ئەزموونی توێژینەوەکە دروستدەکەن، بریتین لە:

**١- پرۆسەکانی پەیوەندیدار بە پێگەیشتن:**

کۆنترۆڵکردنی گۆڕاوی تەمەنی قوتابی بۆ قوتابییانی هەردوو گرووپی (ئەزموونگەری و کۆنترۆڵکراو ) و ئەنجامدانی ئەزموونەکە لە ماوەیەکی کورت و دیاریکراو، بۆ ئەوەی ئەگەر پێگەیشتن لەو ماوە کورتە ڕووبدات و بەپێی ڕێکارییەکان هاوتایی لەیەکەوە نزیکن و لە هەمان بارودۆخی لێکچوو، توانرا پرۆسەکانی پەیوەندیدار بە پێگەیشتن کۆنترۆڵ بکرێت. دەتوانین بڵێین دەستەبەرکردنی بواری گەشەکردن و پێگەیشتن بۆ قوتابییانی هەردوو گرووپ بەهەمان بڕ بەپێی توانا کراوە (امين،٢٠١٦، ل ٨٦ ).

**٢- جیاوازی نێوان تاکەکانی توێژینەوەکە:**

ئەم گۆڕاوە لەڕێگەی ڕێکارەکانی هەڵبژاردنی هەڕەمەکی لە دابەشکردنی ستراتیژییەکانی وانەوتنەوە و یەکسانی لەنێوان ئەندامانی هەردوو گروپی توێژینەوەکەدا لە ژمارەیەک گۆڕاودا کۆنترۆڵکرا، کە دەستێوەردانەکانیان دەتوانێت ببێتە هۆی کاریگەری لەسەر گۆڕاوە پاشکۆکە، جگە لە یەکسانی قوتابییەکان لە نموونەی توێژینەوەکەدا ئەنجامدانی هاوسەنگی ئاماری لە شەش گۆڕاوی جیاوازدا.

**- دابڕان و وازهێنان:**

لە ماوەی جێبەجێکردنی ئەزموونەکە هیچ قوتابییەک لە خوێندن دانەبڕاوە یان نەگواستراوەتەوە بۆ قوتابخانەیەکی تر، تەنها ئامادەنەبوونی تاکە تاکەی قوتابییان، ئەویش تاڕادەیەکی زۆر یەکسان بوو لەنێوان هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە.

**- بارودۆخی ئەزموونەکە و ڕووداوە چاوەڕواننەکراوەکان:**

قوتابییانی کۆمەڵەی توێژینەوەکەمان لەم ماوەی ئەنجامدانی ئەزموونەکە ڕووبەڕووی پشووەکانی بەهار و نەورۆز و جەژنی ڕەمەزان هاتنەوە، بەڵام خۆشبەختانە توێژەر توانی بەسەر بارودۆخەکەوە زاڵ بێت و قەرەبووی ڕۆژانی پشوو بۆ هەردوو گرووپی توێژینەوەکە بکاتەوە و لە وادەی خۆی بەندی دیاریکراو بخوێنێت، بەمەش کاریگەری ئەم لایەنە بێلایەن بوو لەسەر بارودۆخی ئەزموونەکە.

**- ئامرازی پێوانەکردن:**

ئەم هۆکارە لەڕێگەی بەکارهێنانی هەمان ئامرازەکانی پێوانەکردن لەگەڵ هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە کۆنترۆڵکراوە، کە ئەویش بریتییە لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن.

**ب- سەلامەتی دەرەکی نەخشەسازی ئەزموونی:**

مەبەست لێی ڕادەی توانینی گشتاندنی ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەیە بەسەر هەلوێستی وەکیەک یان لێک نزیک، هەندێک فاکتەری دەرەکی هەن، ڕەنگە کاربکەنە سەر گشتاندنی ئەنجام، کە دەبێ کۆنترۆڵ بکرێن و کارتێکردنیان تا دەتوانرێ بێلایەن بکرێت (ابراهیم وابوزید،٢٠٠٧،ل ٢٥٥- ٢٥٦ ). بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر هەوڵی بێلایەنکردنی ئەم فاکتەرانەیدا:

**١- تێکەڵبوونی کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ لەگەڵ لایەنگیری هەڵبژاردن:**

توێژەر توانی کارتێکەری ئەو فاکتەرە بێلایەن بکات و ئەم کارلێکردنە کۆنترۆڵ بکات، ئەمەش لەڕێگەی هەڵبژاردنی هەڕەمەکی لە دابەشکردنی قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوە و هاوسەنگکردنیان لە چەند گۆڕاوێک.

**٢- کاریگەری تاقیکردنەوەی پێشەکی:**

توێژەر توانی کاریگەری ئەو گۆڕاوە کۆنترۆڵ بکات، ئەویش بە جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی پێشەکی بۆ هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوە و دووبارەکردنەوەی لەسەر هەمان کۆمەڵگەی توێژینەوەدا لە کۆتایی ماوەی ئەزموونددا.

**٣- کاریگەری ڕێکارییە ئەزموونیەکان:**

توێژەر هەوڵی خستەگەڕ بۆ دانانی سنوورێک لەبەردەم ئەو گۆڕاوانەی لە ڕێکارییەکانی ئەزموونەکە دێنە پێشی، کە خۆی لەمانەی خوارەوەدا دەبینێتەوە:

**آ- نهێنی توێژینەوەکە:**

توێژەر بە ڕێککەوتن لەگەڵ کارگێڕیی قوتابخانەکە و مامۆستای بابەت توانی نهێنی توێژینەوەکەی بپارێزێت و ڕێگە نەدات قوتابییان سروشت و ئامانجی توێژینەوەکە بزانن، بۆ ئەوەی چالاکییەکانیان یان مامەڵەکردنیان لەگەڵ ئەزموونەکەدا نەگۆڕێت، بەهۆی ئەوەی کاریگەری بۆ سەر سەلامەتی ئەزموونەکە و ڕاست و دروستی ئەنجامەکان دەبوو.

**ب- مامۆستای وانە:**

توێژەر خۆی وانەکانی بە هەردوو گرووپی (ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو)ی نموونەی توێژینەوەکەی وتەوە، بۆ دوورخستنەوە لە کاریگەری ئەو گۆڕاوە لەکاتی تاقیکردنەوەدا، و بۆ باشتر جێبەجێکردنی ئەزموونەکە، کە ڕەنگە لەلای مامۆستای بابەت جێبەجێکردنی گران بێت، بەمەش کاریگەری لەسەر سەلامەتی توێژینەوەکە دەبێت.

**ج- پرۆگرامی خوێندن:**

هەمان پرۆگرامی خوێندن بە هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە (ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو ) خوێندرا، بەشێوەی ڕیزبەندی ناوەڕۆکی کتێبی جوگرافیای سروشتی پۆلی یازدەمی ویژەیی، وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی - عیراق.

**د- دابەشکردنی وانەی خوێندن:**

توێژەر لە سەرەتای دەستپێکردنی ئەزموونی توێژینەوەکەی لەگەڵ بەڕێوەبەری قوتابخانە و مامۆستای بابەت لەسەر دابەشکردنی بەشەوانەکان و خشتەی هەفتانە و کات و ڕۆژی وانەوتنەوەکەی ڕێککەوت، کە بەشەوانەی بابەتی جوگرافیا پێکهاتبوو لە سێ بەشەوانە لە هەفتەیەکدا بۆ هەر کۆمەڵەی (ئەزموونی و کۆنترۆڵ ).

**و- ژینگەی قوتابخانە:**

ژینگەی پۆل بۆ هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە لەڕووی دیزاین وڕووناکی و ڕووبەر و هەواگۆڕکێ تاڕادەیەک هاوشێوەبوون.

**ز- ماوەی تاقیکردنەوەکە:**

ماوەی ئەزموونی پرۆسەی وانەوتنەوەکە بۆ هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە یەکسان بوو، کە بریتی بوو لە (١٢ ) هەفتە.

**پێداویستییەکانی توێژینەوەکە:**

**١- دیاریکردنی بابەتی خوێندن:**

توێژەر ئەو بابەتانەی دیاریکرد، کە بڕیاربوو لە ماوەی ئەزموونەکە بە قوتابییان بگوترێتەوە، کە ئەویش بریتی بوو لە بەندی چوارەم و پێنجەم لە پەرتووکی جوگرافیای پۆلی یازدەمی وێژەیی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤- ٢٠٢٥).

**٢- داڕشتنی ئامانجە ڕەفتارییەکان:**

بەهۆی گرنگی ئامانجە ڕەفتارییەکان لە پرۆسەی فێربووندا، توێژەر لەمیانەی جێبەجێکردنی ئەزموونەکە و دانانی پرسیارەکانی تاقیکردنەوە و بەدەستهێنانی خوێندن و ئامادەکردنی پلانی وانەوتنەوە، پێویست بوو ئامانجەکان بەشیوازێکی ورد دیاریبکات. لەژێر ڕۆشنایی سەرەوە توێژەر (١٢٧) ئامانجی ڕەفتاری بۆ ناوەڕۆکی بابەتەکانی خوێندن لە پەرتووکی جوگرافیای پۆلی یازدەمی ویژەیی داڕشت بە پشتبەستن بە پۆلێنکردنی بلۆم بۆ چوار ئاست (بیرهێنانەوە، تێگەیشتن، جێبەجێکردن، شیکردنەوە )، بەشێوەیەک (٤٤) ئامانج لە ئاستی (بیرهێنانەوە) و (٤٠) ئامانج لە ئاستی (تێگەیشتن ) و (١٩) ئامانج لە ئاستی (جێبەجێکردن ) و (٢٤) ئامانج لە ئاستی (شیکردنەوە).

**٣- ئامادەکردنی پلانی وانەوتنەوە:**

یەکێک لە پێداویستییەکانی جێبەجێکردنی ئەزموون، دانانی پلانی وانەوتنەوەیە، هەر بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر دوای دیاریکردنی بابەتەکانی (بەندی چوارەم و پێنجەم ) بۆ پۆلی یازدەمی وێژەیی ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤ – ٢٠٢٥ ) لەژێر ڕۆشنایی ئامانجە ڕەفتارییەکان و پشتبەستن بە پەرتووکی بڕیاردراو، توێژەر پلانی وانەوتنەوەی بۆ بابەتەکانی ئەزموونەکە ئامادەکرد، کە پێکهاتبوو لە (٣) پلانی وانەوتنەوەی ڕۆژانە لە هەفتەیەکدا بۆ هەر کۆمەڵەیەکی توێژینەوەکە، بەمەبەستی باشتر داڕشتنی پلانەکە توێژەر نموونەی پلانێکی بۆ هەردوو کۆمەڵەکە خستە بەردەستی کۆمەڵێک شارەزاییان و پسپۆڕانی ڕێگاکانی وانەوتنەوە و پێوانە و هەڵسەنگاندن.

**ئامرازەکانی توێژینەوەکە:**

***ئامادەکردنی تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن:**

مەبەســـت لە تاقیکردنەوەی دەســـتکەوت بریتییە لە کۆمەڵێک پرســـیار و ڕەفتار لە ناوەڕۆکی بڕیارلێدراوی خوێندن، بەمەبەستی زانینی چەندێتی جێبەجێبوونی ئامانجە ڕەفتارییەکان (مجید،٢٠٠٦،ل ٢٩- ٣٠ ).

**١- دیاریکردنی ئامانجی تاقیکردنەوەی دەستکەوت:**

ئامانجی تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن لەم توێژینەوەیەدا ئەوا بریتییە لە دەستنیشانکردنی ئاستی دەستکەوتی خوێندنی قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە بۆ زانیارییە زانستییەکان لە چوارچێوەی بەندی چوارەم و پێنجەم لە پەرتوکی جوگرافیای سرووشتی پۆلی یازدەمی وێژەیی لە قوتابخانەی ئامادەیی دواڕۆژی کوڕان.

**٢- دیاریکردنی ئاستی بڕگەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوت:**

توێژەر چوار ئاستی یەکەمی لە شەش ئاستەکەی پۆلێنی بلۆم لە بواری مەعریفی دیاریکرد، کە بەربڵاوترین پۆلێنە بۆ ئامانجە پەروەردەیی و فێرکاری و ڕەفتارییەکان، بەشێوەیەک هەریەک لە ئاستەکان بە پێویستییەک و ڕێخۆشکەری ئاستی دوای خۆی دادەندرێت، و چوار ئاستەکانیش بریتین لە ئاستەکانی (بیرهێنانەوە، تێگەیشتن، جێبەجێکردن، شیکردنەوە، پێکهێنان، هەڵسەنگاندن).

**٣- ئامادەکردنی خشتەی تایبەتمەند:**

لەژێر ئامانجە ڕەفتارییەکان، کە توێژەر لە پەرتووکی جوگرافیای پۆلی یازدەمی وێژەیی دایڕشتووە، توێژەر (٥٠ ) برگەی پرسیاری لە جۆری تاقیکردنەوەی بابەتی (لە جۆری هەڵبژاردن ) ئامادەکرد.

**خشتەی (٥) خستنەڕووی خشتەی تایبەتمەندی بۆ تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن**

| بابەتەکان | ژ/ لاپەڕەکان | ڕێژەی سەدی گرنگی ناوەڕۆک % | کێشی ڕێژەیی گرنگی ئامانجەکان | | | | ژ/پرسیارەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | بیرهاتنەوە | تێگەیشتن | جیبەجیکردن | شیکردنەوە | |
| | | | %٣٥ | %٣١ | %١٥ | %١٩ | |
| بەندی چوارەم- خاک | ٢٥ | %٤٨ | ٨ | ٧ | ٤ | ٥ | ٢٤ |
| بەندی پێنجەم- ڕووەکی خۆرسک | ٢٧ | %٥٢ | ٩ | ٨ | ٤ | ٥ | ٢٦ |
| کۆی گشتی | ٥٢ | %١٠٠ | ١٧ | ١٥ | ٨ | ١٩ | ٥٠پرسیار |

**٤- دانانی برگەکانی تاقیکردنەوەکە:**

بەپێی ئەو ئاستە دیاریکراوانەی بلۆم، توێژەر بە ڕەچاوکردنی کات و قۆناغی خوێندن و توانا و تەمەنی قوتابییان و جۆر و برگەی پرسیارەکان سامپڵێک لە پرسیارەکانی هەڵبژارد لە جۆری هەڵبژاردن لە (٤)دانە بۆ هەر (٥٠) برگە، کە بە ڕای پەروەردەکاران ژمارەی جێگرەوەکان گونجاو بێت بۆ پرسیاری بابەتی لە جۆری هەڵبژاردن لە چەند دانەیەک دەکەوێتە نێوان(٤) جێگرەوە (غنيم،٢٠٠٤،ل ١٧٦ ). توێژەر بۆ داڕشتنی برگەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوت، پشتی بە تاقیکردنەوەی بابەتی لە چەشنی هەڵبژاردن لە چەند دانەیەک بەست.

**٥- ڕاستێتی تاقیکردنەوە:**

ڕاســـتێتی و دروســـتی تاقیکردنەوەکان ڕاســـتەوخۆ پەیوەندی بەو مەبەســـتەوە هەیە، کە تاقیکردنەوەکەی لەپێناودا ئامادەکراوە، بەمەبەستی زانینی ڕاستی پێوانەکردنی ئەو دیاردە و ڕەفتارەی بۆی ئامادەکراوە (مخائيل،٢٠١٦، ل ١٦٣).

**آ- ڕاستگۆیی ڕووکەش:**

بۆ دڵنیابوون لەو جۆرە ڕاستگۆییە، توێژەر بەشێوەی سەرەتاییەکە تاقیکردنەوەکەی داوەتە ژمارەیەک لە شارەزایان و پســـپۆڕانی ڕێگاکانی وانەوتنەوە و پێوانە و هەڵســـەنگاندن و جوگرافیا، بڕوانە پاشـــکۆی (١)،. بۆ دەربڕینی ڕا و بۆچوونەکانیان لەســـەر برگەکانی تاقیکردنەوەکە و ئاســـتی گونجاویان، دوای وەرگرتنەوی وەڵامی شـــارەزایان و پسپۆڕان، چەند گۆڕانکارییەکی کەم لە هەندێ لە برگەکانی تاقیکردنەوەکە لەڕووی داڕشتنی زمانەوانی ئەنجامدرا، بۆیە دەرکەوت برگەکانی تاقیکردنەوە و ڕێژەی ڕازیبوونی لە(٩٠٪ ) بەســەرەوە بە یاســای (جی کۆپەر) بەدەســتهێناوە، بەم شێوەیە ڕاستگۆی ڕووکەشی بۆ تاقیکردنەوەکە بەدیهاتووە.

**ب- ڕاستگۆیی ناوەڕۆک:**

ڕاســـتی و دروســـتی ناوەڕۆک نواندنی ناوەڕۆکی بابەتی تاقیکردنەوەکە لەخۆدەگرێت، تاقیکردنەوەی دروســـتیش لە ناوەڕۆکەکەی ئەوەیە، کە نموونەی ناوەڕۆکی بابەتەکە لەخۆبگرێت، بەبێ پشـــتگوێخســـتنی هیچ لایەنێک لە لایەنەکان (نوفل ئەوانەی تر،٢٠١١،ل٤٢٨)، توێژەر لەم جۆرە ڕاســـتگۆیە لەڕێگەی ڕێکارەکانی ئەنجامداوە، بە پشـــتبەســـتن بە

خشتەی تایبەتمەند لەلایەک و بنیاتنانی بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە لەلایەکی تر، پاشان نیشاندانی بە کۆمەڵێک شارەزایان و پسپۆڕان.

**ج- ڕاستگۆیی بنیاتنانی:**

مەبەست لێی توانای بابەتەکانی تاقیکردنەوەیە بۆ پێوانەکردنی تایبەتمەندییەک یان سیفەتێک، کە گریمانە تیۆرییەکانی بۆ دەکرێت، کە توێژەر بەشێوەیەکی ئەزموونی هەوڵی پشتڕاستکردنەوەی دەدات، هەروەها توانای بابەتە تاقیکارییەکان بۆ جیاکردنەوە و ڕاستبوون لە پێوانەکردنی ئەوەی بۆ پێوانەکردن ئامادەکراون، بەو پێیەی ئەو پلەیەی تاقیکردنەوەکە کاردەکات بۆ پێوانەکردنی تایبەتمەندییەک، کە لە بنەڕەتدا بۆ پێوانەکردنی داڕێژراوە (حسین، ٢٠١١،ل ٣٨٢ )، توێژەر لێکۆڵینەوەی لەم جۆرە ڕاستی و دروستییە کرد، بە شیکردنەوەی ئاماری بۆ بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە، هەر بۆیە توێژەر ئاستی گرانی و ئاسانی و هێزی جیاکردنەوەی بڕگەکان و کارایی کارایی جێگرەوەی هەڵەی بۆ بڕگەکانی تاقیکردنەوە دەرهێنا، بەم شێوەیە تاقیکردنەوەکە لەڕووی بیناوە ڕاستگۆ دادەنرێت.

**٦- جێگیری تاقیکردنەوە:**

جێگیری لە مەرجە بنەڕەتییەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوتە، ئاماژە بۆ ئاستی جێگیری ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەکە دەکات، چونکە کرداری دۆزینەوەی جێگیری بریتییە لە هەژمارکردنی پەیوەستبوون لەنێوان ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەکە زیاتر لە هەڵوێستێک (عدس، ١٩٩٩،ل٥٠١ ) و توێژەر بۆ پێوانەکردنی جێگیری تاقیکردنەوەی دەستکەوتی ئەم توێژینەوەیە، دوو ڕێگای بەکارهێنا:

***ڕێگەی ئەلفا کرۆنباخ:**

ئەم ڕێگەیە بە یەکدەنگی و وردی ئەنجامەکانی جیادەکرێتەوە بە هەژمارکردنی پەیوەندی نێوان هەر بڕگەیەکی تاقیکردنەوە. بەم شێوەیە بڕگەکانی تاقیکردنەوەیەکی سەربەخۆن، و هاوکۆلکەی جێگیری نوێنەرایەتی تێکڕای ئەم پەیوەندییانە دەکات، کە ئاماژەیە بۆ ڕادەی یەکسانی نێوان بڕگەکانی تاقیکردنەوەکان (عودة،٢٠١٠،ل ٣٥٤). هاوکێشەی ئەلفا کرۆنباخ بۆ هەژمارکردنی جێگیری تاقیکردنەوەکە وەرگیرا، چونکە ڕێژەی متمانەپێکراوی گەیشتە (٠.٩٠)، کە ڕێژەیەکی بەرزە. بەم شێوەیە تاقیکردنەوەکە بۆ جێبەجێکردن لە فۆڕمی کۆتایی خۆیدا ئامادەبوو.

***ڕێگەی دووبارە تاقیکردنەوە:**

جێگیری بەڕێگەی دووبارە تاقیکردنەوە ئاماژەیە بۆ سەقامگیری تاکەکان لە وەڵامەکانیاندا لە ماوەی کاتێکی گونجاودا (الزوبعی وآخرون، ١٩٨١، ل٣٣ ). بەهای جێگیری بەپێی هاوکۆلکەی پەیوەندی پیرسۆن گەیشتە (٠.٩٣)، و پێوەرەکە بەپێی ڕاستکردنەوەی هاوکۆلکەی سپیرمان- براون گەیشتە (٠.٩٨)، کە بە ڕێژەی پەیوەندی بەرز دادەنرێت.

**ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی دەستکەوت لەسەر نموونەی ڕاپرسی (تاقیکردنەوەی پەیپێبردن ):**

دوای ئامادەکردنی تاقیکردنەوەی دەستکەوت، توێژەران تاقیکردنەوەکەیان لەسەر نموونەی ڕاپرسی جێبەجێکرد، کە پێکهاتبوو لە (١٠٠) قوتابی کوڕ لە قوتابییانی پۆلی یازدەمی وێژەیی لە قوتابخانە ئامادەییەکانی (سەروەران، گەل، شێخ مەحمودی نەمر، ئەحمەدی خانی ) لە ناوەندی پارێزگای هەولێر و ئەم قوتابخانانە بەمەبەست هەڵبژێردران، چونکە وێنای نموونە بنەڕەتییەکەی توێژینەوەکەیان دەکرد، و مەبەست لە ئەنجامدانی تاقیکردنەوە لەسەر نموونەی ڕاپرسی ئەمانەی خوارەوە بوو (أحمد، ٢٠١٦، ص١٢٠ ):

١- زانینی ئاستی ڕوونی پرسیارەکان.

٢- دیاریکردنی کاتی پێویست بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەکە.

٣- دۆزینەوەی هەندێک لە خاسیەتەکانی سایکۆمەتری تاقیکردنەوەکە، لەوانە:

- هەژمارکردنی هاوکۆلکەی گرانی و ئاسانی بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە.
- هەژمارکردنی هاوکۆلکەی هێزی جیاکەرەوە.
- زانینی ئاستی کاریگەری جێگرەوە هەڵەکان بۆ بڕگەکانی هەڵبژاردن.

هەژمارکردنی هاوکۆلکەی جێگیری تاقیکردنەوەکە

**هاوکۆلکەی هێزی جیاکەرەوەی بڕگەکان:**

پاش بەکارهێنانی هاوکێشەی هاوکۆلکەی جیاکەرەوە، ئەنجامەکان بۆ بڕگەکانی تاقیکردنەوە لەنێوان (٠.٣٠– ٠.٦٢) بوو، بەمەش هێزی جیاکەرەوەی هەموو بڕگەکان پەسەند بوون و هەژمارکران، جگە لە بڕگەی (٢،٦،٨،١١،١٦،١٨،٢٩) نەبێت، کە هێزی جیاکەرەوەکەیان بریتی بوو لە (٠.١١،٠.١١، ٠.١٤، ٠.١٨، ٠.١٨،٠.١٤، ٠.١٨)، بوو، بۆیە لە تاقیکردنەوەکە دەرهێنران و ڕەشکرانەوە. بەم شێوەیە توێژەر لە کۆی (٥٠) بڕگەی تاقیکردنەوەکە (٧) بڕگەی دوورخستەوە، بەو هۆیەوە ژمارەی بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە بووە (٤٣) بڕگە، کە لەسەر نموونەی بنەڕەتی توێژینەوەکە جێبەجێکرا.

**هاوکۆلکەی کاریگەری جێگرەوە هەڵەکان:**

توێژەر کاریگەری جێگرەوە هەڵەکان دەرهێنا. بۆ زانینی کاریگەری جێگرەوە هەڵەکان، هەمان یاسای هاوکۆلکەی جیاکاری بەکارهێنا، واتە هەڵسا بە بەکارهێنانی هاوکێشەی دیاریکردنی کارایی هەر جێگرەوەیەک لە جێگرەوەکانی تاقیکردنەوەکە، بڕگەی تاقیکردنەوەکە بۆ هەردوو گرووپی (نمره بەرز و نمره نزم )، نمرەکانی تاقیکردنەوە سەرەتایەکی دیاریکرد و بەهای کارایی هەر جێگرەوەیەکی هەڵە بەگشتی دۆزرایەوە، کە دەکەوێتە نێوان (٠,٠٣– و٠,٢٩– ). دەرکەوت هەموو جێگرەوەکان شیاون بۆ هەر بڕگەیەک لە بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە.

**هاوکۆلکەی گرانی بۆ بڕگەکان (معامل الصعوبة الفقرات ):**

پرۆسەی هەژمارکردنی هاوکۆلکەی گرانی هەر بڕگەیەک لە بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە، پرۆسەیەکی زۆر پێویست و گرنگە لە بونیادنان و داڕشتنی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەدا، لەبەرئەوەی دەرفەت بۆ بڕیاردان لەسەر شیان و نەشیانی بڕگەکان و گونجانیان بۆ مەبەستی پێوانەکردن دەرەخسێنێت، چونکە توێژینەوەکان لە تاقیکردنەوەکان و پێوانەکارییەکاندا ئاماژە بەوە دەدەن، کە تاقیکردنەوە ئەوکاتە بە تاقیکردنەوەیەکی باش دادەنرێت، ئەگەر هاوکۆلکەی گرانی بڕگەکانی لەنێوان (٢٠٪ – ٨٠٪) دابێت (الظاهر وأخرون، ١٩٩٩،ل١٢٩ ). هاوکۆلکەی ئاسانی بریتییە لە ڕێژەی ئەوانەی وەڵامی ڕاستی بڕگەکەیان داوەتەوە لە هەریەک لە کۆمەڵەی نمرەکانی بەرز و کۆمەڵەی نمرەکانی نزم لەسەر کۆی گشتی قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەکە و لێکدانی لە (١٠٠ ) بەم شێوەیەی خوارەوە:

هاوکۆلکەی ئاسانی = ژمارەی ئەو قوتابییانەی وەڵامی ڕاستیان داوەتەوە لە کۆمەڵەی بەرز + ژمارەی ئەو قوتابییانەی وەڵامی ڕاستیان داوەتەوە لە کۆمەڵەی نزم ÷ کۆی گشتی قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەکە × ١٠٠ (برکات،٢٠١٨،ل ٢٣٠).

کەچی هاوکۆلکەی گرانی بریتییە لە ڕێژەی ئەوانەی وەڵامی هەڵەی بڕگەکەیان داوەتەوە لە هەریەک لە کۆمەڵەی نمرەکانی بەرز و کۆمەڵەی نمرەکانی نزم لەسەر کۆی گشتی قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەکە و لێکدانی لە (١٠٠ ) بەم شێوەیەی خوارەوە:

هاوکۆلکەی گرانی = ژمارەی ئەو قوتابییانەی وەڵامی هەڵەیان داوەتەوە لە کۆمەڵەی بەرز + ژمارەی ئەو قوتابییانەی وەڵامی هەڵەیان داوەتەوە لە کۆمەڵەی نزم ÷ کۆی گشتی قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەکە × ١٠٠ (سلیمان، ٢٠١٠ ل ٣١٦)

یاخود دەتوانین بڵێین هاوکۆلکەی گرانی = ١– هاوکۆلکەی ئاسانی

لەدوای هەژمارکردنی هاوکۆڵکەی گرانی و ئاسانی بۆ هەر برگەیەک لە برگەکانی تاقیکردنەوەکە، لە ئەنجامدا دەرکەوت ئاستی گرانی پرسیارەکان لەنێوان (٠.٢٣ – ٠.٦٥ )، بەمەش ئاستی گرانی هەموو برگەکانی تاقیکردنەوەکە بە پەسەند دانران، جگە لە پرسیاری دووەم، کە ئاستی گرانییەکەی گەیشتە (٠.١٣ ) و لە تاقیکردنەوەکە دەرهێنرا، چونکە لە ئاستی ویستراو کەمتر بوو.

**خشتەی (٦) هاوکۆلکەی ئاسانی و گرانی و جیاکاری بۆ برگەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوت**

| برگەکان | وەڵامی ڕاست | ژ.وەڵامە ڕاستەکان | | ژ.وەڵامە هەڵەکان | | هاوکۆلکەی ئاسانی | هاوکۆلکەی گرانی | هاوکۆڵکەی جیاکاری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | کۆمەڵەی بەرز | کۆمەڵەی نزم | کۆمەڵەی بەرز | کۆمەڵەی نزم | | | |
| 1 | ب | 24 | 14 | 3 | 13 | 0.70 | 0.30 | 0.37 |
| 2 | أ | 25 | 22 | 2 | 5 | 0.87 | 0.13 | 0.11 |
| 3 | ج | 21 | 9 | 6 | 18 | 0.55 | 0.45 | 0.44 |
| 4 | د | 24 | 15 | 3 | 12 | 0.72 | 0.28 | 0.33 |
| 5 | ب | 23 | 6 | 4 | 21 | 0.53 | 0.47 | 0.62 |
| 6 | د | 21 | 18 | 6 | 9 | 0.72 | 0.28 | 0.11 |
| 7 | أ | 23 | 15 | 4 | 12 | 0.70 | 0.30 | 0.30 |
| 8 | د | 23 | 19 | 4 | 8 | 0.77 | 0.23 | 0.14 |
| 9 | ج | 24 | 16 | 3 | 11 | 0.74 | 0.26 | 0.30 |
| 10 | ب | 19 | 3 | 8 | 24 | 0.40 | 0.60 | 0.59 |
| 11 | ب | 20 | 15 | 7 | 12 | 0.64 | 0.36 | 0.18 |
| 12 | ج | 22 | 13 | 5 | 14 | 0.64 | 0.36 | 0.33 |
| 13 | ب | 23 | 15 | 4 | 12 | 0.70 | 0.30 | 0.30 |
| 14 | ب | 17 | 5 | 10 | 22 | 0.40 | 0.60 | 0.44 |
| 15 | د | 24 | 16 | 3 | 11 | 0.74 | 0.26 | 0.30 |
| 16 | أ | 22 | 18 | 5 | 9 | 0.74 | 0.26 | 0.14 |
| 17 | ج | 22 | 14 | 5 | 13 | 0.66 | 0.34 | 0.30 |
| 18 | أ | 22 | 17 | 5 | 10 | 0.72 | 0.28 | 0.18 |
| 19 | ج | 23 | 12 | 4 | 15 | 0.64 | 0.36 | 0.41 |
| 20 | أ | 21 | 13 | 6 | 14 | 0.62 | 0.38 | 0.30 |
| 21 | أ | 23 | 13 | 4 | 14 | 0.66 | 0.34 | 0.37 |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 0.33 | 0.36 | 0.64 | 14 | 5 | 13 | 22 | ب | 22 |
| 0.30 | 0.34 | 0.66 | 13 | 5 | 14 | 22 | ب | 23 |
| 0.33 | 0.25 | 0.75 | 11 | 2 | 16 | 25 | ج | 24 |
| 0.30 | 0.34 | 0.66 | 13 | 5 | 14 | 22 | ب | 25 |
| 0.44 | 0.49 | 0.51 | 19 | 7 | 8 | 20 | د | 26 |
| 0.37 | 0.30 | 0.70 | 13 | 3 | 14 | 24 | د | 27 |
| 0.33 | 0.65 | 0.35 | 22 | 13 | 5 | 14 | د | 28 |
| 0.18 | 0.21 | 0.79 | 8 | 3 | 19 | 24 | ب | 29 |
| 0.30 | 0.30 | 0.70 | 12 | 4 | 15 | 23 | ج | 30 |
| 0.33 | 0.36 | 0.64 | 14 | 5 | 13 | 22 | د | 31 |
| 0.41 | 0.28 | 0.72 | 13 | 2 | 14 | 25 | د | 32 |
| 0.59 | 0.45 | 0.55 | 20 | 4 | 7 | 23 | د | 33 |
| 0.37 | 0.34 | 0.66 | 14 | 4 | 13 | 23 | أ | 34 |
| 0.37 | 0.26 | 0.74 | 12 | 2 | 15 | 25 | ج | 35 |
| 0.30 | 0.30 | 0.70 | 12 | 4 | 15 | 23 | د | 36 |
| 0.55 | 0.47 | 0.53 | 20 | 5 | 7 | 22 | أ | 37 |
| 0.41 | 0.32 | 0.68 | 14 | 3 | 13 | 24 | د | 38 |
| 0.44 | 0.37 | 0.63 | 16 | 4 | 11 | 23 | ب | 39 |
| 0.48 | 0.47 | 0.53 | 19 | 6 | 8 | 21 | د | 40 |
| 0.44 | 0.38 | 0.62 | 16 | 4 | 11 | 23 | أ | 41 |
| 0.30 | 0.30 | 0.70 | 12 | 4 | 15 | 23 | د | 42 |
| 0.59 | 0.49 | 0.51 | 21 | 5 | 6 | 22 | أ | 43 |
| 0.30 | 0.38 | 0.62 | 14 | 6 | 13 | 21 | ب | 44 |
| 0.37 | 0.52 | 0.48 | 19 | 9 | 8 | 18 | ج | 45 |
| 0.44 | 0.41 | 0.59 | 17 | 5 | 10 | 22 | د | 46 |
| 0.37 | 0.26 | 0.74 | 12 | 2 | 15 | 25 | ج | 47 |
| 0.33 | 0.32 | 0.68 | 13 | 4 | 14 | 23 | ج | 48 |
| 0.41 | 0.25 | 0.75 | 12 | 1 | 15 | 26 | أ | 49 |
| 0.30 | 0.23 | 0.77 | 10 | 2 | 17 | 25 | ب | 50 |

**٧- جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەکە بەشێوەی کۆتایی:**

دوای تەواوبوونی ڕێکار و مەرجەکان، تاقیکردنەوەکە بەشێوەی کۆتایی ئامادەیە بۆ جێبەجێکردن، کە لە (٤٣ ) بڕگەی بابەتی پێکدێت و کاتێکی (٥٠) خولەکی و ڕێنماییەکان و نموونەیەکی چارەسەرکراو بۆی دابینکراوە، و وەڵامەکە لەسەر هەمان لاپەڕە دەبێت.

**ئامرازە ئامارییەکان:**

توێژەر بەشێوەیەکی گشتی هەگبەی ئاماری (SPSS – Version 26)ی بەکارهێناوە بۆ دەرهێنانی ئەم هۆکارە ئامارییانە(دووجای کای سکویر، تاقیکردنەوەی (T.test ) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ، تاقیکردنەوەی (T.test ) بۆ دوو نموونەی پەیوەستدار، هاوکێشەی پەیوەستبوونی پیرسون، سپێرمان براون، جی کۆپەر (J.Cooper Formula )، هاوکۆلکەی ئاسانی و گرانی بڕگەکان، هاوکۆلکەی هێزی جیاکەرەوە، کاریگەری جێگرەوە هەڵەکان، هاوکێشەی ئەلفا کرۆنباخ (Alpha Cronbach )، هاوکێشەی مربع ئیتا ( $\eta^2$ ).

**خستنەڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە و تاوتوێکردنیان:**

**خستنەڕووی گریمانەی سفری:**

**"جیاوازی ماناداری ئاماری نییە لە ئاستی (٠,٠٥) لەنێوان ناوەندە نمرەی قوتابییانی گرووپی ئەزموونگەری، کە بە ستراتیژیەتی (تۆمارکردنی تێبینییەکان ) لە بابەتی جوگرافیا دەخوێنن، لەگەڵ ناوەندە نمرەی قوتابییانی گرووپی کۆنترۆڵکراو، کە هەمان وانە بەڕێگەی ئاسایی لە (تاقیکردنەوەی دەستکەوتی پاشەکی )" دەخوێنن.**

بۆ زانینی ڕاستی ودروستی ئەم گریمانەیە، توێژەران تاقیکردنەوەی تائی (T.test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆی ژمارە جیاواز بەکارهێنا بۆ زانینی جیاوازی ئاماری لە نێوان ناوەندە ژمێرەیی و لادانی پێوەری نمرەکانی قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە (ئەزموونگەری و کۆنترۆڵکراو) لە بابەتی جوگرافیادا لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن، هەروەک لە خشتەی (٧) داتا و ئەنجامەکان خراونەتەڕوو:

**خشتەی (٧) خستنەڕووی ئەنجامی T.test لەنێوان کۆمەڵەکان بۆ تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن**

| کۆمەڵەکانی توێژینەوە | ژمارەی نموونەکان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | پلەی ئازادی | بەهای T.test بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ | | ئاستی بەهاداری (٠.٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | ئەگەری Sig. | |
| ئەزموونی | ٢١ | ٣١,٩٥ | ٤,٧٤٨ | ٣٩ | ٣,٦٤٣ | ٠,٠٠١ | بەهاداری ئامارییە* |
| کۆنترۆڵکراو | ٢٠ | ٢٦,٨٥ | ٤,١٨٣ | | | | |

* چونکە (Sig.< ٠.٠٥ ).

لە خشتەی سەرەوە دەردەکەوێت، کە بەهای (Tی هەژمارکراو) بریتییە لە (٣,٦٤٣)، و بەهای (Tی ئەگەری) یەکسانە بە (٠.٠٠١)، کە بچووکترە لە ئاستی بەهاداری (٠.٠٥) بە پلەی ئازادی (٣٩)، کە ئەمەش بەڵگەی بوونی جیاوازی بەهاداری ئامارییە لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی دەستکەوتی تاکەکانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن لە بابەتی جوگرافیا بۆ بەرژەوەندی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی. بەمەش گریمانەی (سفر)ی ڕەتدەکرێتەوە و گریمانەی جێگرەوە پەسەند دەکرێت.

هەروەها بۆ دەرخســــتنی قەبارەی کاریگەری وانەوتنەوە بە بەکارهێنانی ســــتراتیژیەتی تۆمارکردنی تێبینی، توێژەر هەژمارکردنی قەبارەی کاریگەرییەکەی لەڕێگەی هەژمارکردنی هاوکێشــــەی مربع ئیتا ( $\eta^2$ ) بۆ دیاریکردنی قەبارەی کاریگەری گۆڕاوی ســەربەخۆ ئەنجامدا، کە بریتییە لە ســتراتیژیەتی تۆمارکردنی تێبینی لەســەر گۆڕاوی پاشــکۆ، کە بریتییە لە دەستکەوتی خوێندن، لە خشتەی (٨) قەبارە و کاریگەرییەکەی خراوەتەڕوو.

**خشتەی (٨) خستنەڕووی بەهای قەبارەی کاریگەری مربع ئیتا ( $\eta^2$ )**

| گۆڕاوی سەربەخۆ | گۆڕاوی پاشکۆ | کۆمەڵەی توێژینەوە | قەبارەی نموونە | بەهای T هەژمارکراو | پلەی ئازادی | بەهای قەبارەی کاریگەریەکە | ئاستی قەبارەی کاریگەریەکە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | $\eta^2$ | |
| ستراتیژیەتی تۆمارکردنی تێبینیەکان | دەستکەوتی خوێندن | ئەزموونی | ٢١ | ٣,٦٤٣ | ٣٩ | ٠,٢٥٤ | گەورە |
| | | کۆنترۆڵکراو | ٢٠ | | | | |

لەو خشتەیە دەردەکەوێت کە بەهای ( $\eta^2$ ) بۆ قەبارەی کاریگەری بریتییە لە (٠.٢٥٤) بەو هۆیەوە قەبارەی کاریگەریەکە گەورەیە بۆ ســــتراتیژیەتی تۆمارکردنی تێبینیەکان لەســـــەر دەســــتکەوتی خوێندنی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی هاوئاست لەگەڵ کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو.

**خشتەی (٩) خستنەڕووی ئاستەکانی قەبارەی کاریگەری**

| ئامرازی بەکارهاتوو | ئاستەکانی قەبارەی کاریگەری | | |
|---|---|---|---|
| | بچووک | ناوەند | گەورە |
| $\eta^2$ | ٠.٠١ | ٠.٠٦ | ٠.١٤ |

(عودة،٢٠٠٢،ل٤١)

**گفتوگۆکردنی ئەنجام:**

**شیکردنەوەی ئەنجامەکانی پەیوەست بە دەستکەوتی خوێندن:**

ئەنجامەکان ئەوەیان خســــتەڕوو، کە جیاوازی ماناداری ئاماری لە ئاســــتی (٠,٠٥)هەیە لەنێوان هەردوو گرووپی توێژینەوە لە تاقیکردنەوەی دەستکەوت و لەژێر ڕۆشنایی ئەم ئەنجامەش، گریمانەی سفری ڕەتدەکرێتەوە و گریمانەی جێگرەوەیی پەســــەند دەکرێت، کە بوونی جیاوازی لەنێوان هەردوو کۆمەڵەکە بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵەی ئەزموونی دەردەخات، توێژەر ئەنجامەکانی بەم شێوەیە شرۆڤەکرد:

**– ســەرکەوتنی گرووپی ئەزموونگەری، کە وانەی جوگرافیایان بە ســتراتیژیەتی تۆمارکردنی تێبینی لەســەر گرووپی کۆنترۆڵکراو دەخوێند، کە هەمان وانەیان بەڕێگەی ئاسایی وەرگرت ؛ توێژەر هۆکارەکانی گەڕاندەوە بۆ:–**

* ســتراتیژیەتی تۆمارکردنی تێبینی یەکێکە لە ســتراتیژیەکانی فێربوونی چالاک لە پەروەردە، یارمەتی قوتابی دەدات بۆ ڕێکخستن و بەدیهێنانی ئامانجەکانیان، توانای ڕێکخستن و بەستنەوەی زانیارییەکانیان بەیەکەوە زیادیکرد.

* وانەوتنەوە بەپێی ســــتراتیژیەتی تۆمارکردنی تێبینی، کارلێک لەنێوان قوتابییان و مامۆســـتا لەلایەک لەنێوان قوتابییانیش لەلایەکی دیکەوە دروســـتدەکات، لەرێگەی وروژاندنی چالاکی و کارلێک لەلایەن قوتابی لەناو پۆلدا نیشاندەدرێت، هەر زانیارییەک قوتابی لە کەشێکی خۆشی وروژاندن بەدەستیبهێنن، بۆ ماوەیەکی درێژتر لە مێشکیاندا دەمێنێتەوە، ئەمەش کاریگەری ئەرێنی لەسەر بەرزکردنەوەی دەستکەوتیان لە بابەتی جوگرافیادا دەبێت. هەموو ئەمانە کاریگەری هەبوو لە بەرزکردنەوەی ئاستی دەستکەوتی قوتابییان، ئەم ئەنجامەش لەگەڵ توێژینەوەکانی مرسي (٢٠٢٤) و توێژینەوەی السعدي (٢٠٢٣) و توێژینەوەی جواد عبيد (٢٠٢٢) یەکدەگرێتەوە.

## دەرئەنجام و پێشنیاز و ڕاسپاردەکان

### دەرئەنجامەکان:

١- بەکارهێنانی ستراتیژیەتی تۆمارکردنی تێبینییەکان، کاریگەری باش و کارای هەیە لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن (پاشەکی )لەب ابەتی جوگرافیا بەراورد بەرێگەی ئاسایی پەیرەوکراو.

٢- کاریگەری ستراتیژییەتی تۆمارکردنی تێبینی لە بەرزکردنەوەی ئاستی دەستکەوتی خوێندن لەنێوان قوتابییانی گروپی ئەزموونی بە بەراورد لەگەڵ دەستکەوتی خوێندنی گروپی کۆنترۆڵ.

### ڕاسپاردەکان

١- پێویستە مامۆستایانی ئامادەیی هەوڵی چرکردنەوەی توێژینەوەکانی پەیوەست بە بەکارهێنانی ستراتیژیەتی تۆمارکردنی تێبینی، و چۆنیەتی پلاندانانی و جێبەجێکردنی و هەمەجۆرکردنی رێگا و شێوازەکانی وانەوتنەوە، و گشتاندنی لەسەر نموونە جیاوازەکان، هەروەها بۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاری خوێنەر بەرانبەر گرنگی ستراتیژیەتەکە لە کرداری فێرکردن و فێربوون.

٢- هاندانی مامۆستایانی جوگرافیا بۆ ئاشنابوون بە شێواز و ڕێبازە مۆدێرنەکان لە وانەوتنەوەدا، بە ئەنجامدانی وۆرکشۆپ و کۆنفرانس و خولی ڕاهێنان و سیمیناری پەروەردەیی، بەتایبەتی ستراتیژی تۆمارکردنی تێبینییەکان لە وانەوتنەوەدا.

### پێشنیازەکان

١- ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لەسەر ئەم ستراتیژیەتە، بە ئامانجی دەرخستنی کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژیەتی تۆمارکردنی تێبینی لە وانەوتنەوەی بابەتی جوگرافیا لەسەر گۆڕاوە پاشکۆکانی تر.

٢- ئەنجامدانی توێژینەوەی تر هاوشێوەی ئەم توێژینەوە لە ئاستەکانی تری خوێندن وەک ئاستی (ناوەندی و زانکۆ ).

٣- کاریگەری ستراتیژییەتی تۆمارکردنی تێبینی لە وانەوتنەوەدا وەک یەکێک لەو ستراتیژیانەی بەشدارە لە گەیشتن بە ئامانجەکانی فێرکردنی توێژینەوەی جوگرافیا، زیاتر بە دواداچوون و توێژینەوەی لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان لەسەر بکرێت.

## سەرچاوەکان:


- ابراهيم وابوزيد، محمد عبدالرزاق وعبدالباقي عبدالمنعم (٢٠٠٧): مهارات البحث التربوي، ط١، دار الفكر للنشر والتوزيع، عمان.
- ابو شعبان، نادر خليل (٢٠١٠): أثرأستخدام إستراتيجية تدريس الأقران على تنمية مهارات التفكير الناقد في الرياضيات لدى طالبات الصف الحادي عشر قسم العلوم الإنسانية (الأدبي) بغزة، كلية التربية، الجامعة الإسلامية بغزة – فلسطين.
- الاحيدب، ابراهيم بن سليمان (٢٠٢٢):الجغرافية الطبيعية اسس ومفاهيم وتطبيقات، ط١، دار الحافظ للنشروالتوزيع، الرياض.
- امين،شنو درويش محمد (٢٠١٦):اثر استراتيجية (ماذا.....لو ؟) في اكتساب المفاهيم التاريخية وتنمية المهارات التفكير الابداعي لدى الطالبات الصف السابع الاساسي، جامعة السليمانية، كلية التربية الاساسية، رسالة ماجستير (غير منشورة ).
- بركات، زياد (٢٠١٨ ):القياس والتقويم النفسي والتربوي بين النظرية والتطبيق، عمادة البحث العلمي، جامعة القدس المفتوحة، فلسطين.
- جروان،فتحي عبدالرحمن (٢٠١٢):تعليم التفكيرمفاهيم وتطبيقات، ط٣، دار الكتب الجامعي،العين، الامارات العربيه المتحدة.
- جلالي، لمعان مصطفى (٢٠١١ ):التحصيل الدراسي،ط١، دارالميسرة للنشر والتوزيع، عمان.
- الجنابي، مريم خالد مهدي (٢٠١٠): أثر أستعمال برنامج القبعات الست في تحصيل طالبات الصف الرابع الادبي في مادة الادب والنصوص، رسالة ماجستير، كلية تربية الاساسية، جامعة بابل.
- الحايک، آحمد فيصل (٢٠٠٩): نموذج مقترح لتطوير التدقيق التشغلي في الشركات الصناعية المساهمة العامة الاردنية، جامعة عمان.
- حسين، عبدالمنعم خيري (٢٠١١ ):القياس التقويم في الفن والتربية الفنية، ط١، مركز الكتاب الاكاديمي،عمان.
- الحموري، هند عبدالمجيدمرتضى (٢٠٠٢ ):درجة ممارسة طلبة الجامعة الهاشمية للمهارات الدراسية في اثناء وجودهم في مرحلة التعليم المدرسي ودرجة اهميتها لهم من وجهه نظرهم، مجلة دراسات العلوم التربوية، الاردن،المجلد ١٢٢، العدد١.
- خريسات، هلا (٢٠٢٣ ):استراتيجية تدوين الملاحظات وافضل الطرق التي يمكن اتباعها، تطوير الذات والمهارات، مجلة ايجابي.
- الخوالدة، ناصر احمد وعيد يحيى اسماعيل (٢٠١٤ ): تحليل المحتوى في المناهج والكتب الدراسية،ط١، زمزم، عمان، الاردن.
- داودوعبدالرحمن، عزيز حنا وانور حسين (١٩٩٠): مناهج البحث التربوي، ط١، دار الحكمة، بغداد، العراق.
- الزوبعي واخرون،عبدالجليل ابراهيم (١٩٨١ ):الاختبارات والمقايس النفسية، دار الكتب للطباعة والنشر،جامعة موصل.
- زيتون، كمال عبدالحميد (٢٠٠٣): التدريس نماذجه و مهاراته، ط١، دار عالم الكتب، كلية التربية بدمنهور – جامعة الأسكندرية، مصر.
- سرحان،عبدالله ناصر (٢٠٠٤):الترويح والتحصيل الدراسي، مكتب التربية العربية لدول الخليج العربي، الرياض،السعودية.
- سعادة،جودت احمد (٢٠١٨):استراتيجيات التدريس المعاصرة،دار الموهبة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان، الاردن.
- سليمان، امين علي محمد (٢٠١٠):القياس والتقويم في العلوم الانسانية اسسه وادواته وتطبيقاته، ط١، دار الكتاب الحديث، القاهرة.
- سعد، علي زاير وأخرون (٢٠٢٣):الموسوعة التعليمية المعاصرة، ط١، جزء ثالث، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان.
- سلامة، عادل ابو العز وأخرون(٢٠٠٩ ): طرق تدريس العامة (معالجة تطبيقية معاصرة ) دار الثقافة، عمان.
- شاكر، اسماء (٢٠٢٠ ): اسباب تدوين الملاحظات للطلاب في عملية التعليم، مجلة اي عربي.
- الشربيني،فوزي،والطنطاوي، عفت مصطفى (٢٠١١):تطوير المناهج التعليمية، دار الميسرة للنشر والتوزيع، عمان، الاردن.
- الشمري، ماشي بن محمد(٢٠١١):استراتيجية في التعلم النشط، ط١،حائل (بنين )، السعودية.
- عبيد، علي حمزة جواد (٢٠٢٢): اثر استراتيجيتي تدوين الملاحظات و قراءة الصورة في تحصيل مادة الاجتماعيات لدى طلاب الصف الثاني المتوسط،رسالة ماجستير ،كلية التربية الاساسية، جامعة بابل، العراق.
- عدس، عبدالرحمن (١٩٩٩): علم النفس التربوي (نظرة معاصرة )، ط٢، دار الفكر للطباعة و النشر و التوزيع، عمان، الأردن.
- العساف،صالح بن حمد (٢٠٠٦ ):المدخل الى بحث في العلوم السلوكية، ط٤، مكتبة العبيكان، الرياض.
- عطية، محسن علي(٢٠١٨ ):التعلم النشط استراتيجيات واساليب حديثة في التدريس، دارالشروق للنشر والتوزيع، عمان،الاردن.
- عودة، احمد سليمان (٢٠١٠ ):القياس والتقويم في العملية التدريسية، ط١، دار الامل للنشر والتوزيع، عمان.
- العيسوي وأخرون، جمال مصطفى (٢٠٠٥):طرق التدريس اللغة العربية بمرحلة التعليم الاساسي (بين النظرية والتطبيق )، الامارات العربية المتحدة، دار الكتاب الجامعي للنشر والتوزيع.
- غنيم،محمد عبدالسلام (٢٠٠٤): مبادئ القياس والتقويم النفسي والتربوي، مكتبة يوسف الرميض للنشر والتوزيع، القاهرة، مصر.
- قشطة،أمل ابراهيم موسى (٢٠٢٠): اثر استراتيجية تدوين الملاحظات (كورنيل)القائمة على الخرائط الذهنية في تنمية مهارات التفكير السابر في الجغرافيا لدى طالبات الصف الحادي عشر بغزة، رسالة ماجستير (غير منشورة )،كلية التربية، الجامعة الاسلامية، غزة.

- مجدي عزيز ابراهيم (٢٠٠٤):موسوعة التدريس،ط١، جزء الاول،دار الميسرة للنشر والتوزيع،عمان.
- مجيد، سوسن شاكر (٢٠٠٦ ): اسس بناء الاختبارات والمقايس والنفسية والتربوية، ط٣، مركز ديبونو، عمان.
- محمد بكر نوفل واخرون(٢٠١١) علم النفس التربوى، ط١، دارالمسيرة للنشر والتوزيع، عمان.
- محمد، امال جمعة عبدالفتاح (٢٠١٠ ):استراتيجيات التدريس والتعلم (نماذج وتطبيقات )،دار الكتاب الجامعي، الامارات.
- الظاهر وأخرون، زكريا محمد (١٩٩٩): مبادئ القياس والتقويم في التربية،ط١، مكتبة دار الثقافة للنشر والتوزيع، عمان.
- مخائيل، امطانيوس نايف (٢٠١٦ ): بناء الاختبارات والمقايس النفسية والتربوية وتقنيتها، ط١، دار الاعصار العلمي، عمان، الاردن.
- مرسي، ولاء احمد عباس (٢٠٢١ ):التفاعل بين استراتيجي (تدوين الملاحظات /التخليص ) بالمراجعات الالكترونية عبر منصات التعلم الرقمية ومستوى تجهيز المعلومات (سطحي /عميق ) واثره في تنمية كفاءة التعلم والاستغراق المعرفي والاتجاه نحو استخدامها لدى طلاب تكنولوجيا التعليم، مجلة كلية التربية النوعية، جامعة عين الشمس،العدد ٤٥.
- مصطفى، هاني عبدالهادي (١٩٩٥ ):العادات الدراسية وعلاقتها بالتحصيل الاكاديمي تبعا لمتغيري الجنس والتخصص الدراسي لدى طلبة الثانوية العامة، مجلة كلية التربية، جامعة المنصورة، المجلد٢٢، العدد٧٢،٦٨، مصر.
- مصطفى محمد الطحان (٢٠٠٦):التربية و دورها في تشكيل السوك،ط١، بيروت، لبنان، دارالمعرفة للطباعة و النشروالتوزيع.
- النوح، مساعد بن عبدالله (٢٠٠٤):مبادئ البحث التربوي، ط١، المكتبة الالكترونية، www.golfkids.com

## پاشکۆی (١)

## بۆچوونی شارەزاییان

| ژ | ناو | پسپۆری | نازناوی زانستی | شوێنی کارکردن | سروشتی ڕاوێژکاری | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | ١ | ٢ | ٣ | ٤ |
| ١ | پ.د جبار احمد عبدالرحمن | پەیڕەوی خوێندن و ڕێگاکانی وانەوتنەوەی گشتی | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | زانکۆی کۆیە | * | * | * | |
| ٢ | پ.ی.د اشقی سلیمان حسۆ | ڕێگاکانی وانەوتنەوەی زانستەکان | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | سەلاحەددین / پەروەردەی بنەڕەتی | * | * | * | |
| ٣ | پ.ی.د کریم احمد عزیز | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | زانکۆی گەرمیان | * | * | | |
| ٤ | پ.ی.د کوردستان محمد ئازاد حسن | ڕێگاکانی وانەوتنەوەی جوگرافیا | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | زانکۆی سلێمانی | * | * | | |
| ٥ | پ.ی.د. نارین کمال سعید شێخۆ | ڕێگاکانی وانەووتنەوەی جوگرافیا | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | زانکۆی شەقڵاوە | | | * | |

١- ئامانجی ڕەفتاری

٢- دەستکەوتی تاقیکردنەوە

٣- پلانی وانەوتنەوە

٤- پێوەری ئاگایی جێبەجێکاری

# أثر أستراتيجية تدوين الملاحظات على التحصيل الدراسي لدى طلاب الصف الحادي عشر في مادة الجغرافية

**نسيبة رشيد عبدالله**
قسم العلوم الاجتماعيات، كلية التربية الأساسية،
جامعة صلاح الدين– أربيل، أقليم كوردستان، العراق
nasiba.abdullah@su.edu.krd

**روا صالح محمد**
قسم الروضة الاطفال، كلية التربية الأساس،
جامعة صلاح الدين–أربيل، اقليم كردستان، عيراق
Rawa.mohammed@su.edu.krd

**الملخص**

تهدف هذه الدراسة إلى تحديد أثر استراتيجية تدوين الملاحظات على التحصيل الدراسي في مادة الجغرافيا لدى طلبة الصف الحادي عشر .اتبع الباحث المنهج التجريبي، مستندا إلى تصميم المجموعتين (تجريبية وضابطة). تكون مجتمع الدراسة من طلبة الصف الحادي عشر الأدبي للعام الدراسي ٢٠٢٤– ٢٠٢٥. تكونت العينة التجريبية من (٤١) طالبا وطالبة، تم تقسيمهم عشوائيا إلى مجموعتين:مجموعة تجريبية، ضمت (٢١) طالبا وطالبة، درست باستخدام استراتيجية تدوين الملاحظات.مجموعة ضابطة، ضمت (٢٠) طالبا وطالبة، تلقت التعليم باستخدام الطريقة التقليدية المتبعة.شملت متغيرات الدراسة: أعمار الطلبة بالأشهر، نتائج اختبارات الذكاء، التحصيل الدراسي للوالدين، درجات مادة الجغرافيا في العام السابق. بالاستناد إلى تصنيفات بلوم المعرفية (التذكر، الفهم، التطبيق، التحليل)، تم تحديد (١٢٧) هدفا سلوكيا، كما أعدت خطة تدريسية خاصة بالمجموعتين، تضمنت ثلاث خطط دراسية يومية وأسبوعية لكل مجموعة. استخدم الباحث اختبارا تحصيليا مكونا من (٥٠) فقرة، وتم التحقق من صدقه من خلال عرضه على عدد من المحكمين المتخصصين.بعد استبعاد الفقرات غير المناسبة (المبالغة في السهولة أو الصعوبة، أو ضعف التمييز)، تم التحقق من ثبات الأداة باستخدام طريقتي إعادة الاختبار ومعامل ألفا كرونباخ، بلغ معامل الثبات (٠.٩٠)، وهي نسبة تعد مرتفعة وتدل على موثوقية الأداة.تم تحليل البيانات باستخدام البرنامج الإحصائي(SPSS) ، وتضمنت الأساليب الإحصائية المستخدمة: مربع كاي(Chi– square) ،اختبار (ت) لعينتين مستقلتين، لعينتين مرتبطتين، معامل ارتباط بيرسون، معامل سبيرمان، معادلة ج. كوبر، معادلات تحديد سهولة وصعوبة الفقرات، التمييز، أثر بدائل الأخطاء، معادلة ألفا كرونباخ، بالإضافة إلى مربع إيتا ($\eta^2$) لقياس حجم الأثر .وقد أظهرت نتائج الدراسة:وجود فرق دال إحصائيا عند مستوى دلالة (٠.٠٥) بين متوسطي درجات المجموعتين في اختبار التحصيل الدراسي، لصالح المجموعة التجريبية. في ضوء هذه النتائج، توصل الباحث إلى عدد من الاستنتاجات والتوصيات والمقترحات.

**كلمات المفتاحية:** أثر، تدوين الملاحظات،التحصيل الدراسي،مادة الجغرافية.

**The Effect of Note- Taking Strategy on the Academic Achievement of Eleventh- Grade Students in Geography**

**Nasiba Rashid Abdullah**
Department of Social Science, College of Basic Education, Salahaddin University- Erbil, Kurdistan Region, Iraq
nasiba.abdullah@su.edu.krd

**Rawa Salih Muhammed**
Department of Kindergarten, College of Basic Education, Salahaddin University- Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Rawa.mohammed@su.edu.krd

**Abstract**

This study aims to determine the effect of note- taking strategy on academic achievement in Geography among eleventh-grade students. The researcher followed the experimental method in this study and relied on experimental maps for two groups (experimental group and control group). The research community consisted of eleventh- grade literary students for the academic year (2024- 2025). The representative sample of the study included (41) male students, who were randomly divided into two groups: an experimental group who were taught with a note- taking strategy, they are (21) students, and (20) students in the control group who were taught with the learning strategy.
The study balance consists of (students' ages in months, intelligence tests, parents' academic achievement, Geography grades in the previous year). After determining the topic for the students of the research population, which is two chapters of the Physical Geography textbook for the eleventh grade, the researcher prepared the behavioral objectives for measurement according to Bloom's taxonomy (remembering, understanding, applying, analyzing), which reached (127) behavioral objectives, a lesson plan was also prepared for the topics of the experimental group, which consisted of (3) daily lesson plans per week for each study group.The researcher used the academic achievement test tool, which they are (50) items, and its validity was confirmed by presenting it to a number of experts and specialists, after calculating the ease or difficulty coefficient, distinctive errors, and alternative errors, and its reliability was confirmed by the retest method and Cronbach's alpha coefficient with a reliability rate of (0.90), which is a high percentage, and the final exam consists (43) items.The statistical tools used in this study are chi- square, t- test for two independent samples, t- test for two related samples, Pearson Correlation Coefficient, Spearman's Rank Correlation, J. Cooper formula, Coefficient of ease, Coefficient of difficulty, Discrimination coefficients, Error Substitution Effect, Cronbach's alpha equation, Eta Squared Equation ($\eta^2$). After applying the research tools, collecting and analyzing the data using the Statistical Package for the Social Sciences (SPSS), the researcher reached the following conclusions: There is a statistically significant difference at the 0.05 level between the average scores of the two study groups on the academic achievement test, in favor of the experimental group. In light of the study results, the researcher reached several conclusions, recommendations, and suggestions.

**Keywords**: Effect, Note-taking strategies, Academic achievement, Geography subject